# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە

ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:

د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود

باوان عومەر - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز

**بەرگی دووەم**

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانه
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 42 )

# ئایین لە ڕوانگەی جیل دۆلۆزەوە

ویلیام دیل - تیموتی بیل
لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

تیۆر هەمان ئەو چاویلکەی تێگەیشتنەیە بۆ ئەوەی کە ئێمە دەیبینین و سەرنجی لێدەدەین و سودی لێوەردەگرین. تیۆر ئامرازێکە بۆ جیاکاری و کردنەوەی گرێکان و واتابەخشین.

پرسیاری سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ئاییندا ئەوەیە، کە (ئایین چیە؟). لە ماوەی دوو سەدەی رابوردوودا، هیچ تیۆرێکی تایبەت بە ئایین نییە بتوانێت سەرجەم دەرکەوتە ئایینییەکان لێکبداتەوە و هیچ کاتێکیش تیۆرێکی لەو شێوەیە بوونی نابێت. هەموو تیۆرێک تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی دیاریکراو و لە بابەتەکانی تری جیادەکاتەوە، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوەی ئایینی بەردەوام بەدوای ئەو تیۆرانەدا، کە بتوانن دەرگای نوێ بۆ بینین و شیکردنەوەی ئایین بەڕوی ئێمەدا بکەنەوە.

لە دەیەکانی ئەم دواییەدا لێکۆڵەرەوانی ئایین سنورەکانیان تێپەڕاند، بۆ ئەوەی تێڕوانینی نوێ بدۆزنەوە و لەو تێڕوانینە نوێیانەوە ئایین شیبکەنەوە. خوێندکاران و مامۆستایانی بواری لێکۆڵینەوەی ئاینیش گرفتی زۆرییان بۆ پێشهاتووە، راستە ئەم تیۆرانە پرسیاری نوێ دەوروژێنن و هەلی نوێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئایینی دەڕەخسێنن، بەڵام تێگەیشتنیان ئاسان نییە. پێمان باشبوو  بە خێرایی لە بیروڕای کاریگەرترین زانایان بڕوانینەوە، کە لە دەرەوەی ئایین کارییان کردووە، بەڵام بەرهەم و بیریان کاریگەری لەسەر لێکۆڵینەوەی ئایینی هەبووە.

دۆلۆز ساڵی (1925) لە فەرەنسا لەدایکبووە و دوای گیرۆدەبوونی بە نەخۆشیەکی درێژخایەن، ساڵی (1995)خـۆی کوشتوە. دۆلۆز لە زانکۆی سورین و لەبەردەستی جیۆرج کانگویم (Georges Canguilhem ) وانەی خوێندوە، دواتر لەم زانکۆیە و زانکۆی لیۆن وانەی فەلسەفەی وتوەتەوە و لەسەر بانگهێشتی میشێل فۆکۆ لە زانکۆی ئەزموونی پاریس، هەشت ساڵ فەلسەفەی وتوەتەوە و ساڵی (1987) خانەنشینکراوە.

دۆلۆز نوسەرێکی گەورەبوو، لە بارەی فەلسەفە و ئەدەبیاتەوە نوسیویەتی و تیشکی خستوەتە سەر روخسارەکانی ئەم دوو بوارە، کەسانی وەک هیوم، برگسۆن، سپینوزا، نیتچە، پرۆست، ئارتو، لویی کارول. ئەو رەخنەی لە ئەندێشەکانی کانت و ئەفلاتۆن گرتووە.

فلیکس گاتاری دەروونناس و چالاکوانێکی سیاسی بەرجەستە بوو، ساڵی (1930) لە فەرەنسا لەدایکبووە و ساڵی (1992) بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دواییکردووە. گاتاری لە دوو بواردا چالاک بووە: دەرمانی دەروونی رادیکاڵ و سیاسەتی مارکسیزم، بەڵام لە مانگرتنەکانی ساڵی (1968)ی پاریس لە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا دڵگیر بوو. لە ساڵی (1953)وە تا کۆتایی تەمەنی لە نەخۆشخانەکەی بوو، چارەسەری نەخۆشە دەروونییەکانی کردووە و ناوبانگی دەرکردووە.

گاتاری پەیوەندی نزیکی لەگەڵ تیۆری دەروونناسی لاکان هەبووە. لەبەردەستی لاکان فێرکرا و ساڵی (1962 تا 1969) لەگەڵ ئەو کاری کردووە، بەڵام دواتر رەخنەی لە بەشێک لە لایەنەکانی دەرمانی دەروونی لاکان گرت. گاتاری دوو وتاری بڵاوکردوەتەوە و دوو کتێبی لەبارەی دەروونناسی بڵاوکردوەتەوە، بێجگە لە هاوکاری و بەیەکەوە نوسین لەگەڵ دۆلۆز هاوکاری زانا و دەروونناسە مارکسیزمەکانیشی کردووە.

دۆڵۆز و گاتاری ساڵی (1969) یەکتریان ناسیوە و دوای ئەو مێژوە دەستیان بەهاوکاری یەکتر کردوە. بەرهەمی ئەم هاوکاریەشیان چوار کتێب بووە، کە ئیمتیازەکەیان لە رەخنەی دوو لایەندایە کە لە ئەندێشەی مارکسیزمی و فرۆیدیان گرتووە.

ئێمە لەم نوسینەدا تیشک دەخەینە سەر بەرهەمی (کاپیتاڵیزم و سکیزوفرنیا: ئەنتی ئۆدیب). ئەم کتێبە ساڵی (1972) بە زمانی فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە، (هەزار فلاٹ) بۆ یەکەمجار ساڵی (1980) ئەمیش بە زمانی فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە. دۆڵۆز و گاتاری لەم کتێبەدا هەوڵدەدەن زاتگەرایی (essentialism) و تیۆرە گشتییەکان (بە تایبەتی تیۆرەکانی مارکس و فرۆید و پێکهاتەگەرایی) ناجێگیر بکەن.

زۆرێک دەیانەوێت دۆڵۆز و گاتاری بە پۆست مۆدێرنیزمەوە ببەستنەوە، بەڵام ئەو دوانە خۆیان لە پرۆژەی پۆست مۆدێرنیزمدا نەدەبینییەوە. بۆ نموونە گاتاری پۆست مۆدێرنیزمی بەدوا هەناسەکانی مۆدێرنیزم دەزانی ((پۆست مۆدێرنیزم شتێک نییە، بێجگە لە کاردانەوەیەک بەرامبەر سودی خراپ و کەمتەرخەمیە فۆرمالیستیەکانی مۆدێرن و ئاوێنەیەک بۆ سودی خراپ و کەمتەرخەمییەکانی فۆرمالیستی، کە لە کۆتاییدا هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ خودی مۆدێرنیزمدا نییە)). دۆڵۆز و گاتاری لەگەڵ ئەوەی نەیاندەویست مۆری پۆست مۆدێرنیان لێبدرێت، بەڵام جیهانبینییەکیان درووستکرد کە رەخنەی لە گێڕانەوەکان و ئەندێشە بنەڕەتییەکان و زاتەکان دەگرت. بەرهەمی ئەم دوو زانایە دژی گرێدراوی بە ئەندێشەی مۆدێرن دەوەستێنەوە و دەخوازن ڕێگەکانی بینین و تێگەیشتنی ناوەڕۆکی تاکەکان و دامەزراوە فرەییەکان شیبکەنەوە. ئامانجیان ئەوەیە کە ڕێگە فاشیستیە کاراکان بلەرزێنن، ئەویش لە ڕێگەی زۆرێک لە وشەی نوێ ناچارمان دەکەن

بەدەر لە شێوازە جێگیر و هەژموونی و سروشتییەکان بیر لە تێگەیشتنی مۆدێرن بکەینەوە و تێیبگەین.

لەو لایەنەوە کە دۆلۆز و گاتاری لە شێوازی نوسینەکانیاندا بەدوای فرەییەوەن، ئەستەمە بتوانرێت چوارچێوەیەکی روون و دیار لە ئایدیاکانیان جیا بکرێتەوە.

ئەگەر بمانەوێت ئـەوە بکەین، ئـەوا بە شێوازی مۆدێرن بیرمان کردوەتەوە، واتا بەو شێوەیە بیرمان کردوەتەوە کە دۆلۆز و گاتاری دژی بوون. ژمارەیەک لەو وشە نوێیانەی دۆلۆز و گاتاری بەکاری دێنن زیاتر ئاماژە پێکردنن نەک پێناسەکردن، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت ژمارەیەک بابەت و چەمکی زۆر بەکارهێنراوی ئەوان ناو ببرێت و شیبکرێنەوە. بە شێوەیەکی گشتی دۆلۆز و گاتاری رەخنەی جدی لە ئایدیاکانی مۆدێرن دەگرن، ئەو ئایدیایانەی کە بە بنەما و راستی و واتا و ناوەڕۆک و دووبارە داڕشتنەوەوە گرێدراون. بۆ نموونە دۆلۆز و گاتاری رەخنە لەو ئایدیایە دەگرن کە دەڵێت: «تاکێک هەیە و دەتوانێت زانستی راستەقینە بەدەست بێنێت، دواتر ئەو راستیە بە شێوەیەکی روون بگەیەنێت بە کەسانی تر».

یەکێک لەو وشانەی کە دۆلۆز و گاتاری سودیان لێوەرگرتوە، بۆ ئەوەی مۆدێرنیزم هەڵگێڕنەوە، وەرگرتنی ریزۆم (rhizome) و لەسەرەتای کتێبی هەزار فلات دەیخەنە ڕوو. ریزۆم وشەیەکی گیاناسیە و ئاماژەیە بۆ قەدی ئاسۆیی وەک زەنجەبیل کە لەژێر زەویدان و خۆیان لە گرێکانەوە دێنە دەرەوە. هەرگیز ناتوانرێت رەگی ریزۆمێک بدۆزرێتەوە. ئەندێشەی ریزۆم پێچەوانەی ئەندێشەی درەختە، ئەندێشەی درەختی لە ڕەگەوە دەستدەکات بە گەشەکردن و دوای ئەوە قەد و ئێنجا لق و لە کۆتاییدا گەڵا.

له دیدی دۆلۆز و گاتاری شێوازی درەختی ئەندێشەی دیاریکراوی ئەندێشەی مۆدێرنیزم و سەرمایەداری (کاپیتالیستی)ە. ئەوان بە ناڕازی بوونەوە دەڵێن ((ئێمە لە درەختەکان بێزار بووین. پێویستە ئێمە دەست لە درەختەکان و رەگەکان و بنەماکان هەڵگرین، ئەوان زۆر ئێمەیان رەنجاندووە. سەرجەمی فەرهەنگی درەختی لەسەر ئەم رەگ و بنەمایانە دامەزراوە، لە ژینگەناسیەوە تا زمانناسی. لەوانەیە هیچ شتێک نەتوانێت دوور لە رەگە ژێر زەمینییەکان و لقە هەواییەکانیان جیا لە گەشەی لەخۆوە و ریزۆمەکان، جوان یان خۆشەویست یان سیاسی بێت).

بە بۆچوونی ئەم دوانە شێوازی درەختی کە باڵی کێشاوە بەسەر ئەندێشەی رۆژئاوادا، شێوازێکی هەژمونییە کە ڕیزبەندی پلە بە شێوازێکی سروشتی دەردەخات و هیچ کاتێک خواست و رەگی بنەڕەتی نییە و وەک سەرچاوە و سەرەتا لەقەڵەم دەدرێت.

وێرانکردنی ئەندێشەی درەختیی، وەک شەڕە لەگەڵ وێناکردنە مۆدێرنەکانی ناخی مرۆڤایەتی. ئەندێشەی درەختیی، جیهان بەپێی ئەو هەبووانەی دەبینێت کە هەڵبژاردنی ئازادیان هەیە و خۆبنیاتنەر و تاکن، هەروەک درەختەکان کە لەسەر پێی خۆیانن. لەمجۆرە بیرکردنەوەیەدا دوانییەکان ناوەڕۆک و ئامانج زیاتر بەکاردەهێنرێن. دۆلۆز و گاتاری جەخت دەکەنەوە کە پێویستە ئێمە ئەم سیستمە بە پشتبەستن بە بیری ریزۆمی لەناو ببەین. بیرکردنەوەی ریزۆمی بەپێی پەیوەندییەکان لە جیهان دەڕوانێت. دۆلۆز و گاتاری نموونەی هەنگ و گوڵی ئۆرکید دێننەوە. لەجیاتی ئەوەی بە شێوازی درەختی بەرەوپێش بڕۆن و چاکسازییەکان بچەسپێنن و بەردەستەکان بەپێی زاتی جیاواز لە یەکتر جیا بکەنەوە، داوا لە ئێمە دەکەن لە پەیوەندی دەروونی و لەو خاڵانە بڕوانین، کە ئیتر ئایدیا تاکەکان

و زاتن لەو شوێنانە کارایی نییە، لەبەر ئەوەیە دەڵێن (هەنگ و ئۆرکید دوو رەگەزی جیاوازن کە ریزۆمێک پێکدێنن). خاڵەکە ئەوەیە: لە دیدی ریزۆمیەوە هەنگ و ئۆرکید پەیوەندی دەروونیان بە یەکەوە هەیە. هەنگ بەشێکە لە رەوەندی بەرهەمهێنان وەک ئۆرکید و گەردەکان دەگوازێتەوە بۆ ئۆرکید و ئۆرکیدیش خواردن بۆ هەنگەکە دابیندەکات. ئەوان سیستمێک لە هەبوونەکان، یان غودەی تاک پێکناهێنن، بەڵکو ریزۆمێکی کاتی پێکدێنن و لە وەها پەیوەندییەکی دەروونیدان کە سنوری نێوان هەنگ و ئۆرکید مات و تاریک دەبێت. بۆ تێگەیشتن لەم پرۆسەیە پێویستە ئێمە نەک لەسەر بنەمای هەبوونی تاکەکان، بەڵکو بەپێی (هەنگی بە ئۆرکید بوو و ئۆرکیدی بەهەنگ بوو) بیر بکەینەوە.

وەرگرتنی ریزۆم رەخنەیەکە لە پرۆسە و سیستمە پاوانخوازەکان، ئەو پرۆسە و سیستمانەی هەوڵدەدەن هەموو شتێک لە چوارچێوەیەکی شیکاری بە کۆدێک شیبکەنەوە. دۆلۆز و گاتاری بۆ ئەم ئامانجە رەخنەی ئاگرین لە وتە کلیلیە فرۆیدی و مارکسیزمییەکان دەگرن، چونکە ئەم گێڕانەوە کلیلیانە لە کۆتاییدا ئاڵۆزی راستییەکان بەهۆی ئەو روونکردنەوانەی زیاتر لە ئەزموونن ئامانجە مرۆڤایەتی و مێژوییەکان سنوردار دەکەن. دۆلۆز و گاتاری ئەم شێوازە باڵایانەی شیکردنەوە لەگەڵ شێوەی ناوەوەمان بە پێچەوانە دەبینن و دەستخۆشی لە ئاڵۆزییەکانیان دەکات. لە دیدی دۆلۆز و گاتاریەوە سیستمی فاشیستی دەرەنجامی نەخوازراوی شیکردنەوەی باڵایە.

یەکەم بەرگی کاپیتالیزم و سکیزوفرینیا، ئەنتی ئۆدیب گرنگی بە سیاسەت دەدات. رەخنەی دۆلۆز و گاتاری لە دەروونناسی لەژێر فەرمانی سکیزۆناسی Schizoanalysis پێشکەش دەکرێت. سکیزۆناسی جێگرەوەی ریزۆمێکە بۆ ئەندێشەی درەختی دەروونناسی. دۆلۆز و گاتاری لە رەخنەی

سکیزۆناسی فرۆید ئاماژە بە مەیل دەکەن (فرۆید مەیل بە لەدەستدان دەزانێت و لە ڕێگەی گرێی ئۆدیپەوە روونی دەکاتەوە). بەبۆچونی فرۆید گرێی ئۆدیب دۆخێکی مرۆڤانە و سروشتیە ناتوانرێت لێی قوتار بوو و. لەدیدی دۆلۆز و گاتاری ئەم تێروانینە سەرکوتکارانەیە، چونکە سەرجەم مرۆڤەکان دەباتە ژێر پێکهاتەیەکی باڵا (سەرو کات و شوێن) واتا (دایک - باوک - منداڵ). دۆلۆز و گاتاری لەجیاتی ئەوەی بێئاگایی لەسەر بنەمای مەیل و لەدەستچوون ببینن، بێئاگایی بە بەرهەمهێنەری مەیل دەزانن، لەبەر ئەوەشە حکومەتی کاپیتالیستی پێویستی بەوە هەیە کە بێئاگایی سەرکوت و کۆنترۆڵ بکات. لە شیکردنەوەی فرۆیدیدا شیکردنەوەی ناخمان بۆ تاکەکان چوارچێوەیەکی باڵا لە مەیلی فرۆیدی یان هەمان سێگۆشەی خێزان لەخۆ دەگرێت، لەبەرئەوە تاک دەکەوێتە بەر سەرکوتکردن و سنورداریەک کە چوارچێوەی شیکردنەوەی دەروونناسانە فەراهەمدەکات و نەخۆش دەکەوێتە بەر شیکردنەوەیەک کە دەروونناسی بەهێز و بە توانا دابینی دەکات.

پێویستە جووڵە سێکسییەکان libidinal بە مەیلێک بزانرێن کە بەرهەمهێنەرن و توانای وێرانکردنی حکومەتی کاپیتالیستیان هەیە، واتا حکومەتی کاپیتالیستی دەیەوێت مەیل کۆنترۆڵ بکات و لایەنێکی سلبی لەو دەربخات. بەمشێوەیە فەرهەنگ و زمان و سیستمە دەرکەوتەکانی تر سەرکوتکارن، چونکە یاساکانی خۆیان بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنن. پێچەوانەی دەرکەوتە، خەیاڵە imaginary، دۆلۆز و گاتاری سکیزوفرینیا بە نموونەی ئەم دۆخە دەزانن. ڕێکخستنی ئۆدیب دەرکەوتە، پێش دەرکەوتە و پێش ئۆدیپە، لەبەر ئەوە لەپێش پایەکان و سەرکوتکردنی خێزانەکانە.

سکیزوناسی رەخنەی دەروونناسی (وەک نموونەیەک بۆ ئەندێشەیە بەشێوەی درەختی) بە تایبەتی تێگەیشتنی مەیلی بێئاگایی و گرێی ئۆدیب

له دەروونناسیدایە.لە دەروونناسی سوننەتیدا مەیلی نەرێنی ئۆدیبی پێش گێڕانەوە تاکی نەخۆشە، واتا دەروونناس پێشتر شیکردنەوەی گێڕانەوەکە لەلایەن تاکەوە دەزانێت. دەرکردەی دەروونناسی پێشتر دیاریکراوە. تەنها شتێک کە دەروونناسی پێویستە بیدۆزێتەوە، جیاوازی و کێشمەکێشی ئۆدیبییە. مەیلیش لەم شیکردنەوە سەرو شوێن و کاتەدا و لە ڕێگەی ئامڕازی کۆنترۆڵکردنی ترەوە بەرەو یاساغکراوە ئۆدیبییەکان ڕێنمایی دەکرێت. دۆلۆز و گاتاری نوسیویانە: ((یاسا پێماندەڵێت، لەگەل دایکت هاوسەرگیری مەکە و باوکت مەکوژە. ئێمەی ئامانجە ملکەچ و راهێنراوەکان دەڵێین: باشە من ئەمەم دەویست!)).

دۆلۆز و گاتاری سکیزوفرنیا بە نموونەی وەرگیراوی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان دەزانـن، چونکە کاتێک دۆلۆز و گاتاری گرنگی ئامانج و مەیل پارچە پارچە دەکەن، کەواتە ئەو ڕێگەیەیان پێدەدرێت، کە لە دەرەوەی سەرکوتکارییەکان بمێننەوە و بەسەر (فەرمانی سروشتی)دا سەپێنراوە: ((ئەمجۆرە مرۆڤە خۆی وەک مرۆڤێکی ئازاد و نابەرپرسیار و پەراوێزخراو و شاد بەرهەمدێنێت، مرۆڤێک کە دەتوانێت بیئەوەی مۆڵەت وەربگرێت لەلایەن خۆیەوە شتێک بڵێت، مەیلێک کە شتێکی کەم نییە، بەڵکو روبارێکە رەوان بووە و سەروتر لە لەمپەڕ و کۆدەکان رۆیشتووە، ناوێکە ئیتر تایبەت بەهیچ (یان)ێکەوە نییە. ئەو ئیتر لە شێت بوون ناترسێت. خۆی بە شێوەیەک ژیان و ئەزموون دەکات کە گوایە ئیتر ئەو نەخۆشیە ئاسمانی و باڵایە کاریگەری لەسەری نییە)).

دەروونناسی، مەیل بەشتێک دەزانێت کە سەرکوت و کۆنترۆلکراوە. دۆلۆز و گاتاری بۆ ئازادکردنی مەیل لەم بارە نەرێنییە، مەیل بە گەڕانی شەهوەت دەزانن، کە لەپێش هەر جۆرە دووبارە ڕێکخستنەوەیەکی مەیل

لە دەروونناسیدایە. مەیل لە ڕێگەی پێکهاتە سیاسی و ئایدۆلۆژیکەکانی وەک خێزان و دین و خوێندنگە و پزیشکی و نەتەوە و وەرزش و راگەیاندنەکان، سنوری دیاریکراوە. لە دیدی درەختیەوە ئەم پێکهاتانە خۆیان لەژێر فەرمانی وتوویژی پاوانخوازی خۆیان داناوە. دۆڵۆز و گاتاری دەیانەوێت کۆمەڵێک توانا بۆ مەیل بەدی بێنن، بۆ ئەوەی هاوکات لەسەر ڕێڕەوو شێوە فرەییەکان بجووڵێت و بگەڕێت، بە دڵنیاییەوە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو سنورانەی لەرووی کۆمەڵایەتیەوە دیاریکراون و خوازیاری کۆنترۆڵکردنی ئەم جووڵانەوەیەی مەیلن. سکیزوفرنیا بەرگریکار و پارێزەری ئەمجۆرە تواناییانەیە.

دۆڵـۆز و گاتاری مـرۆڤ بە ئۆتۆمبێلی خولیا دەزانـن. ئۆتۆمبێلی خولیا لە رویەکیەوە ئاماژە بۆ ئەو ئایدیایەیە کە مەیل لە پلەیەکی پێش پێکهاتەکانە. جەستەکان ئۆتۆمبێلی خولیان و شتەکانی وەک ئایدیا و هەست و مەیلەکان لەناویدا و لە دەرەوەی و بەرەو ئەو و بەرەو لایەکی تری جەستە ئۆتۆمبێلەکان لە گەڕاندان. مەیل وەک ئۆتۆمبێلە، واتا هەردوویان بەرهەمهێنن. بۆ نموونە ئۆتۆمبێلی تەنور گەرمی بەرهەمدێنێت، مەیلیش وزەی لیبیدویی بەرهەمدێنێت. ئەم ئایدیای ئۆتۆمبێلە تێڕوانینی کۆن بۆ ئامانجەکان هەڵدەگێڕێتەوە.

ئۆتۆمبێلی خولیا پەیوەندی بە جەستەی بێ ئۆرگانەوە هەیە. جەستەی بێ ئۆرگان لە بەرهەمی ئانتون ئارتوی نمایشنامە نوسەوە وەرگیراوە. تێگەیشتنی جەستەی بێ ئۆرگان ئەو ئایدیایە پەسەند ناکات، کە دەتوانرێت تاک لەناو جەستەدا بدۆزرێتەوە، جەستەیەک کە پێکهاتووە لەو فۆرمانەی پەیڕەوی لەخۆیان دەکـەن و دەپارێزن و ڕێکخراوی ناوەکین، بەڵکو جەستەی بێ ئۆرگان دەڵێت ئەم جەستەیە کەسەکە لەگەڵ هەبووەکانی تر

پەیوەندی ناوخۆ و دەرەوە و کراوە و فرەلایەن و پارچە پارچەو مەرجدار و بەرامبەری هەیە، بە واتایەکی تر: ((ئێستا ئیتر نەمرۆڤ بوونی هەیە و نە سروشت، تەنها پرۆسەیەک هەیە و یەکێک لەناو ئەوەی تر بەرهەمدێنێت و ئۆتۆمبێلەکان بە یەکەوە گرێدەدات. ئۆتۆمبێلە بەرهەمهێنەکان، ئۆتۆمبێلە خولیاکان، ئۆتۆمبێلە سکیزوفرنیکەکان، لە هەموو جۆرەکان ژیان: خود و نەبوونی خود، ناوەوە و دەرەوە، ئیتر ئەم شتانە واتایەکیان نابێت.

سکیزوناسی بەدوای پاککردنەوەی سنوری دەسەڵاتە، بەدوای پانتاییەک کە مەیل لە ناویدا لە سنورداریەکانی دەروونناسی ئازاد بێت. پاککردنەوەی سنوری دەسەڵات پانتاییەکی دەروونی و ماددیە کە جەستەی بێ ئۆرگان داگیری کـردووە. پاککردنەوەی سنوری دەسـەڵات بە دانانی سنوری دەسەڵات و دووبارە دانانی سنوری دەسەڵات (واتا کارکردن بۆ گشتیگری، بۆ کۆنترۆڵکردن) پێچەوانەیە، ئەم دوانەی کۆتایی لە ڕێگەی ئۆرگانەکانی وەک ئایین و خێزان و خوێندنگە هەوڵدەدەن جێبەجێ بکرێن. لە دیدی دۆڵۆز و گاتاری، دووبارە دیاریکردنی سنوری دەسەڵات واتا کارکردن بۆ کۆنترۆڵکردن و سنورداری مەیل بە مەبەستی سەرکوتکردنی مەیل، بەڵام مەیل سنورەکەی پاککراوەتەوە، پارچە پارچەیە و فرەلایەن و کۆنترۆڵ نەکراوە. لەم پانتاییەدا سنورەکان رەوانن و خودەکان ئاڵۆزکراون و مەیل لەسەر فرە ڕێڕەوەکان دەجووڵێت و دەگەڕێت.

### کارایی لە لێکۆڵینەوەی ئایینیدا

لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵەرە ئایینییەکان هێشتا کەمێک لە ئایدیاکانی دۆڵۆز و گاتاریان بەکارهێناوە، بەڵام بەرهەمی دۆڵۆز و گاتاری، کارایی گرنگی بۆ لێکۆڵینەوەی ئایینی هەیە. ئاینە سوننەتییەکان جۆرێک سیستمی درەختین،

پێداگری لەسەر بنەماکان دەکەنەوە، بڕوایان بە بنەماکانی سەروکاٹ و شوێن هەیە، گەڕانی مەیل سەرکوتدەکەن و ئامانجە مرۆڤایەتییەکان بە سەرنجدانە نەمری یان فۆرمە ئاڵۆزەکانی تر هەڵدەهێنجن.

بە شێوەیەکی ئاسایی ئەوەی پێویستە بشێوێنرێٹ جیهانی دەروونی تاکە، رۆژئاواییەکان دەخوازن بەپێی باوەڕ لە ئایین تێبگەن. ئەمە نیشانی دەداٹ کە ئایدیای رۆژئاوا بۆ ئایین ئایدیایەکی درەختیە، کە خود یان روح بە ناوەندی ئامانج دەزانێٹ. سکیزوناسی پێچەوانەی ئەمجۆرە دیدەیە، سەرجەمی ئەم گریمانانە دەخاتە چاڵەوە و پشتیوانە ئایدۆلۆژی و جۆرەکانی تری ئەوان لێکدەداتەوە.

لەدیدی دۆڵۆز و گاتاریەوە، خود ناوچەییە کە ئۆتۆمبێلەکان بەیەک دەگەن و لەگەڵ یەکتر کار دەکەن و پەیوەندی ناجێگیر و پتەو درووسٹ دەکەن و بـەردەوام لە جووڵەدایە و رەوانـە. هیچ هەبوویەکی تاکێتی دۆزراوە یان بنچینەیی نییە کە ناخی روحی تاک بێٹ، تەنها پارچەکان بوونیان هەیە. سکیزوفرنیا وەرگیراوێکە بۆ ئەمجۆرە بوونە لەم جیهانەدا. بەپێی پەیوەندییەکانیان و کارکردنە ناوخۆییەکان لە ئامانجە مرۆڤایەتییەکان تێدەگەن.

# زەمەن لەدژی حەقیقەت

**لە عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە**

پرسیارکردن لە راستی «حەقیقەت» پرسیاری راستەقینەیە لە فەلسەفەدا، بۆیە بە شێوەیەکی راستەقینەیش دەهێنرێتە ئاراوە، ئەگەر پەیوەستی بکەین بە زەمەنەوە و لە هەموو رووەکانییەوە تاووتوێی بکەین و بەدوای پارادۆکسەکەیدا بگەڕێین، واتا پرسیارکردن لە هەڵە و توێکاریکردنی لەسەر توێکارگەی مێژوو و زەمەن، بەڵام توێکاریی پرسیار لەراستی لەسەر مەحەکی زەمەن، خودی پرسەکە دەخاتە قەیرانەوە و دەیکاتە تەڵزگەیەک دەرچەمان نابێت لێی. ئیدی چۆن دۆلۆز چارەسەرێک بۆ کێشەی راستی دەدۆزێتەوە، کاتێک پەنا بۆ چەمکەکانی «لایبنتز» دەبات لەبارەی «مومکین» و هاوڕەگەزنەبوون «اللامتجانس» و جیاوازنەبوون «اللاتمایز»وە و بە چەکوشی نیتچەیی تێکیدەشکێنێت.

ئەگەر پەند لە مێژووی فیکری وەربگرین، بێگومان تێبینی دەکەین کە زەمەن هەمیشە و بـەردەوام سەرچاوەی کێشەی وێناکردنی راستی بووە..ئەوەیشی راستی دەخاتە کێشەوە، خودی راستی نییە کە بە درێژایی سەردەمەکان فرەجۆر بووە و هاوکات ناوەڕۆکی ئەزموونگەریی سادەیش نییە، بەڵکو فۆرم یان خودی هێزی زەمەنە. هەر لە دێر زەمانەوە ئەم کێشەیە لە تەڵزگەی فۆرمەکانی ئایندەی داکەوتەییەوە تەقیوەتەوە. ئەگەر ئەوە راست بێت کە رەنگە سبەینێ جەنگێکی دەریایی رووبدات، ئیدی چۆن بتوانین خۆمان لەم دوو دەرەنجامە رزگار بکەین: یان لە مومکینەوە ئەستەم بەرهەم بێت، ( چونکە ئەگەر مەعریفە رووبدات، بێگومان دەبێت

روونــەداتی)، یان دەبێت رابــوردوو پێویست نەبێت، (چونکە دەشێت جەنگەکە روونەدات).

کارێکی ئاسانە گەر بمانەوێت چارەسەرێکی دیالێکتیکی ئەم پرسە بکەین: ئەگەر لانیکەمی قورسی و گرانیی بیرکردنەوە لە پەیوەندیی راستەوخۆی نێوان راستی فۆرمی زەمەن روون نەکەینەوە، ئیدی دەکەوینە پێگەی تاوانباری بەوەی راستیمان دوور لە هەبووەکان داناوە، واتە خستوومانەتە ئەبەدەوە، یان ئەوەی لە ئەبەد دەچێت. دەبێت چاوەڕوانی «لایبنتز» بکەین تاکو ئەم پرسە کارامەترین و هاوکات نامۆترین و پێچاوپێچترین چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە.

لایبنتز باس لەوە دەکات کە جەنگە دەریاییەکە رەنگە رووبدات یان روونــەدات، بەڵام خۆ ئەمە لە یەک دنیادا روونــادات، واتا دەشێت لە جیهانێکدا رووبدات و لە جیهانێکی تردا روونەدات، ئەم دوو جیهانەیش دوو جیهانی مومکینن، بەڵام پێکنەگونجاون، بۆیە دەبێت وێناکردنێکی جوان بۆ هاوڕەگەزنەبوون (جیاواز لە پارادۆکس) بخوڵقێنین، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشە و تەڵزگەیە بکەین کە راستی رزگار دەکات.

ئەوەی بەپێی ئەم مانایە مومکینی لێ بەرهەمدێت هاوشێوەنەبووە نەک ئەستەم، دەکرێت رابوردوویش راستی بێت، بێئەوەی وەک پێویستی ببێتە راستی، بەڵام ئەوکات وێناکردنی راستی لەبری ئەوەی چارەسەرێک بدۆزێتەوە دەگات بە ئارامییەکی کاتی. دیارە شتێک نییە رێگرمان بێت لەوەی بیسەلمێنین هاوشێوەنەبووەکان سەر بە هەمان گەردوونن. بۆ نموونە «فانگ» نهێنییەکی پاراستووە، دواتر نەناسراوێک لە دەرگای دەدات، دەشێت فانگ ئەو بکوژێت یان ئەو فانگ بکوژێت، دەشکرێت هەردووکیان لەو مەترسییە رزگاریان بێت یان هەردووکیان تیابچن...هتد. دەکرێت تۆ

بگەیت بە من، بەڵام لە یەکێک لە « مومکین»کانی رابوردوودا رەنگە دوژمنی من بوویبێت و لە جیهانێکی تریشدا هاوڕێم بێت. ئەمە وەڵامی بێرگسە بۆ لایبنتز. هێڵی راست وەک هێزێک لە زەمەن و وەک سووڕمێن «متاهە»یێک لە زەمەندا، هاوکات هێڵێکە هێڵی تری لێدەبێتەوە، دواتریش هێڵەکانی تر کە لەو هێڵە راستە کەوتوونەتەوە بە جۆرەها فۆرمی هاوڕەگەزنەبووی ئامادەدا گوزەر دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ فۆرمەکانی رابوردوو، کە وەک پێویستی وەک هێڵە راستە سەرەکییەکە راست نین.

پێگەیەکی تر بۆ گێڕانەوە دێتەئاراوە، واتا ئیدی گێڕانەوە لەوە دەکەوێت گێڕانەوەیەکی راست و درووست بێت، بەو مانایەی خواستی راستی و درووستیی هەبێت لەوەی لەڕووی چییەتیەوە درۆزن بێت، پرسەکە هەرگیز پەیوەند نییە بـەوەی هەر یەکە و خاوەنی راستی و حەقیقەتی خۆی بێت، بەڵکو فرەییەکی پەیوەند بێت بە ناوەڕۆکەوە. ئەوە توانای هەڵەیە کە شێوەی راستی و هەق دەشێوێنێت و جێی دەگرێتەوە، بەو هۆیەی هاوکاتبوونی فۆرمە هاوڕەگەزنەبووەکان لە ئێستاوە دەهێنێنە مەیدان، یان لەگەڵ فۆرمگەلێکی ئێستادا دەژی کە وەک پێویستی راستی و حەقیقەت نین.

لە ئێستا بەدواوە وەسفی بەرجەستەیی دەگاتە جیاوازنەبوونی شتە واقیعی و خەیاڵییەکان، بەڵام ئەو گێڕانەوە درۆیینانەی لەگەڵیدا دەگونجێت، هەنگاوێک بۆ پێشەوە دەنێت و لە ئێستادا جیاوازی ئەوتۆ دێننە مەیدان راڤە ناکرێن و جێگرەوەی ئەوتۆش دەخەنە نێو رابوردووەوە کە ناتوانرێت لەنێوان راستی و ناڕاستی «حەق و ناحەقدا» یەکلا بکرێنەوە.

مرۆڤی راست و درووسـت مرد و هەموو نموونەیەک لە راستی و حەقیقەت لە پێناوی سوودی گێڕانەوەیەکی نوێدا سەرهەڵدەدات. ئێمە

لەم بـوارەدا قسەمان لە یەکەم نووسەر نەکردووە، نیتچە لەژێر ناوی ویستی هێزدا توانای هەڵەکردنی کۆکردوەتەوە بۆ فۆرمی راستی و حەق چارەسەرێکی بۆ قەیرانی راستی دۆزییەوە، کاتێک ویستی بۆ یەکجاری و تا ئەبەد دەستنیشانی بکات، بەڵام بە شێوەکی پێچەوانەی لایبنتز، ئەویش لە پێناوی سوودی هەڵەدا و لەژێر ناوی توانای هێزی کردەیی ئەفرێنەردا».

**سەرچاوە :**

– رۆژنامەی «المنارات»، ژمارە «2724»، رۆژی چوارشەمە 13ی شوباتی 2013

# دۆلۆز، فەیلەسوفی جیاوازەکان

ئا: سەلاح سەعید ئەمین

لە مانگی نۆڤەمبەری (1995)دا، جیل دۆلۆز لە پەنجەرەی باڵەخانەکەیەوە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا خۆی هەڵدایە خـــوارەوە بـــەوەش بۆ هەتاهەتایە لاپەرەی یەکێک لە فەیلەسوفە هاوچەرخە فەرەنسییەکان داخرا، خۆکوشتنیشی دانانی سنورێک بوو بۆ کۆتایهاتنی ئەو ئازارەی کە تەواو شەکەتی کردبوو، بەجۆرێک رۆژانی کۆتایی ژیانی بە ئەستەم هەناسەی بۆ دەدرا.

ئەو لاواندنانەی کە بیرمەند و فەیلەسوفە فەرەنسی و جیهانییەکان بۆ مەرگی (دۆلۆز)یان کرد، دەرخەری پێگەی گرنگی ئەم فەیلەسوفەیە لە فەلسەفەدا، پێش ئەمانیش میشێل فۆکۆی هاورێی لە پێشەکی دوا کتێبیدا دانی بە پێگەی دۆلۆزدا ناوە، هەروەک فلیکس گاتاری ، شرۆڤەکاری دەروونی لەکتێبی «بەگژاچوونەوەی ئۆدیب»دا لەساڵی (1972) دەڵێت:سەدەی بیست و یەکەم سەدەی دۆلۆز دەبێت. ئەم کتێبە دوای سێ رۆژ لە چاپکرانی لە بازاردا نەما.

جیل دۆلـۆز لەساڵی (1925) لەدایکبووە و لە زانکۆی سۆربۆن فەلسەفەی خوێندووە، یەکەم کتێبی ( ئەزموون و زاتیەت: وتارێک دەربارەی تیۆری هیۆم لە سروشتی مرۆڤدا) لە ساڵی (1953) نوسی، شەیداییەکی زۆری بۆ فەلسەفە دەربڕی و وایلێکرد روو بکاتە توێژینەوە لە سەرجەم کایە زانستییەکاندا، دۆلۆز لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (کلێر

بارنیه ) باس لەوە دەکات، لەوەدا بەخت یاوەری بووە کە مامۆستایەکی زووی ناسیوە هەر بە ئەدیبە گەورەکانی وەک: (ئەندریە جید، ئەناتۆل فرانس، شارل بۆدلێر)ی ناساندووە، کە ئەمەش وایکردووە ئەدەب لەوانە فەلسەفییەکانیدا بایەخێگی گەورەی پێبدرێت، لە راستیدا ئەوەی دۆلۆز جیادەکاتەوە لە هاورێکانی تری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەتی لە کێڵگە و کایە جیاجیا مەعریفییەکاندا، لە تەنیشت ئەدەب و زمانەوانی و ئابووریدا دۆلۆز گرنگیدا بە شیکاری فەلسەفی، سینەما، ماتماتیک، ژینگە، لە کاتی باسکردن لە سینەما و ژینگە و پەیوەندی نێوانیان دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی دۆلۆز بە فەلسەفەی ژیان یان بە «ژیان» ناویبردووە، کە هنری برگسۆن فەیلەسوفی فەرەنسی سیمبووڵەکەی بووە، هەروەها ئەو چۆنێتیەی کە دۆلۆز باسیکردووە سەبارەت بە ژیان و جیهانی سروشتی و چۆنێتی قوڵبوونەوەی فەلسەفی تیایاندا، بەبێ هیچ گومانێک کاریگەری برگسۆن بەروونی بەسەر بۆچوونەکانی دۆلۆزەوە دیارە، کە پێیوایە ئێمە بەشێکین لە ژینگەی دەوربەرمان و دەتوانین لەم ژینگەیە تێبگەین، بێئەوەی سەیری گشتێتی و دینامیتییەکانی بکەین، لە هەمانکاتدا دۆلۆز پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەم سیستەمە ئاڵۆزە کە لەناو خۆیدا و لەنێوان رەگەزەکانیدا پەیوەندی ئاڵۆز هەیە، هەردوو رەگەزی جیاوازی و تاکگەرایش لەخۆ دەگرێت، کە ئەم مەسەلەیە پاڵی پێوە ناوە بیر لە زنجیرە گۆڕانکارییەکی بەردەوام بکاتەوە.

ئەوەی ئاشکرایە دۆلۆز داوای ستایلێکی نوێی کردووە لە مومارەسەکردنی فەلسەفەدا و دابڕانێکی دروستکردووە لەگەڵ مومارەسەکردنی تەقلیدی فەلسەفەدا ، ئەمە ئەو پنتەیە وامان لێدەکات تێگەیشتن و دەرککردنمان فراوانتر بکەین، لەبەر ئەوەی فەلسەفەی دۆلۆز بەگشتی هەوڵێکە بۆ

کردنەوەی فەلەسەفە، هەوڵێکە بۆ  درووسنکردنی خەرقی فەلسەفی بە جۆرێک چوارچێوە کلاسیکییەکانی بیرکردنەوە تێپەڕێنێت، بەوەش بیرکردنەوە دەبێتە هەوڵی بردنەوەی نوێ و ناتەقلیدی. ئەم مەسەلەیەش پەیوەندییەکی گرنگی بەو بابەتەوە هەیە کە ئێستا پێیدەڵێن فەلەسەفەی دۆڵۆز–کە شوێنکەوتوەکانی پابەندییان بەو زاراوانەوە هەیە، کە دۆڵۆز دایهێناون بۆ بیرکردنەوە بە جۆرێکی جیاواز، ئەمەش کێشەیەکی بەردەوامە کەرووبەڕووی خوێنەری فەلسەفە لە ئەوروپا دەبێتەوە، بە جۆرێک زاراوەکانی مەدلولی دیاریکراوی خۆیان هەیە و زمان رووبەڕووی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ دەکاتەوە، وەک ئەوەی لای دۆڵۆز هەستی پێدەکەین لە زاراوەکانی وەک: «جەستە بەبێ ئەندام» و «کەرەستەکانی خواست» و «ریزۆم»... هتد. لەبەرئەوەیە دەستگرتن بە زمانی  دۆڵۆزیەوە گرنگە، بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەکەی و قوڵبوونەوە تێیدا.

ئـەوەی دۆڵـۆز دەکاتە فەیلەسوفێکی راستەقینە ئەوەیە لە کۆی بەرهەمەکانیدا هەوڵیداوە چەمکی فەلسەفی بەرهەمبهێنێت و کاتێک باس لە هەندێک مەسەلە دەکات  پەیوەندییان بە بابەتەکانی فەلسەفەی کلاسیکەوە نییە، وەک ئەدەب وسینەما.. دۆڵۆز تەرکیزی خستووەتە سەر هەندێک چەمک وەک: ئاماژە و جووڵە و کات، لە رێکخستنی ژیاندا بەتوانا بوو رێگەیەکی گرتەبەر کەسانی تر لەسەری رۆیشتن، سەرقاڵی گەشەپێدانی ئەو کەرەستانە بوو کە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا پسپۆران بەکارییان دەهێنن، زیاتر لەوەش بە سەربەخۆیی لە رەسەنایەتی لە شرۆڤەی فەلەسەفیدا جیا دەکرێتەوە.

ئەم سەربەخۆییەش لە رێگە کلاسیکییەکان لە مومارەسەکردنی فەلسەفەدا وایکرد زۆرێـک لەوانەی لە فەلسەفەدا پسپۆڕن. دۆڵۆز

بەفەیلەسوفی جیاوازییەکان دابنێن، لەراستیدا لای دۆلـۆز بیرۆکەی جیاوازی بیرۆکەیەکی سەنترالّیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، ئەمەش بووەتە ناونیشانی گەورەترین کتێبی »»جیاوازی و دووبـارە بوونەوە» ئەم چەمکەش لە جەوهەردا ئاماژەیە بۆ ئەو مێتۆدە جیاوازەی  کە دۆلۆز لە مەمارەسەکردنی فەلسەفیدا گرتویەتیە بەر، ئەگەر ئێمە ورد بینەوە لە کلاسیکی فەلسەفەی باوەرپێکراو لە سەرهەڵدانیەوە لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ، وەک ئەوەی دۆلۆز پێیوایە دەبینین فیکر لە جیهاندا بەهۆی چەمکەکانی وەک: یەکێتی، شوناس، لێکچون، پێوەر.... هتد. کاردەکات، بەڵام دۆلۆز لەگەڵ ئەوەی دان بەوەدا دەنێت، کە تەقلیدی فەلسەفەی کۆن کەڵکی هەیە، بەڵام پێداگری دەکات لەوەی ئەم تەقلیدە کە سودی مەعریفی و ئیدراکیمان پێدەبەخشێت، بەڵام سنورێک بۆ توانا فەلسەفییەکانمان دادەنێت، ئەم چەمکە تەقلیدیانە کۆسپ  لەبەردەم داهێنان و نوێکردنەوەدا دروستدەکەن، هـەروەک چۆن رێگر دەبن لەگەشەکردنی شتە نوێیەکان، چونکە تەرکیزیان لەسەر چەند شتێکی دیاریکراوە وەک ( یەکێتی و لێکچوون و دوباربوونەوە)کە لەراستیدا بناغەی بیداگۆجی درووستدەکەن لە پرۆگرامە فێرکارییەکاندا، بەڵام ئەو مەترسیەی دۆلۆز هۆشداریداوە لە بارەیەوە ئەوەیە: ئەم تەقلیدە لە فەلسەفەدا پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بۆ تەبەنیکردنی مێتۆدێک لەبیر کردنەوەدا، بەڵام مێتۆدگەلێکی تر هەڵدەوەشێنێتەوە کە لەسەر جیاوازی درووستبوون، کە گرنگیەکی گەورەی هەیە، چونکە دۆلۆز پێیوایە جیهان بە پلەی یەک لە رووداوی تاکگەرایی پێکدێت، لەم جۆرە بیرکردنەوەدا بابەتی لێکۆڵینەوە و نوسین لە فەلسەفەدا بریتیە لە هەوڵی گۆڕینی خود، دۆلۆز پێیوایە شوناسی خود دەکەوێتە ژێر میکرۆسکۆبی لێپرسینەوەوە،

فیکر بەردەوام دەگۆڕێت و لەنێوان دوو زەمەنی جیاوازدا ئیشکالی نوێ سەرهەڵدەدات، هیچ لەوە خراپتر نییە لە دیدی دۆڵۆزدا مرۆڤ لەم ئیشکالیەتانە هەڵبێت و بۆچوونی دووبارەبووەوە بجووێتەوە.

**سەرچاوە:**

www. kuwaitmag. com

# پرسیاری فەلسەفەی جیل دۆلۆز

نوسینی: امل عبید

لە عەرەبییەوە: شەماڵ محەمەد

جیل دۆلۆز پێشەکی کتێبە بایەخدارەکەی «فەلسەفە چیە» بەڕاستیەک دەکاتەوە کە پێیگەیشتووە (کەواتە ئەمە پرسیارەکەیە) وەک ئەوەی ئەوە تاکە پرسیار بێت، کە هەر دەبێت بکرێت، یان ئەو تاکە پرسیارەیە کە شایانی تێڕامان و هەوڵدان بێت بۆ وەڵامدانەوە.. ئەمەش هانیداوە تا ئەو پرسیار بکات (ئەو شتە چی بووە کە بە درێژایی ژیانم پێی هەستاوم). ئەم پرسیارەش کاتێک دێت کە (هەست بە ساتەوەختێکی شادمانی دەکەین لەنێوان ژیان و مردندا).. کە ئێمە (ناتوانین ئەو پرسیارە بکەین کە فەلسەفە چیە؟) تەنها دواتر نەبێت لەکاتی پیریی و بەسەرچووندا و کاتێک کە شەو پەردەی بەسەر ئێواری ژیاندا داوەتەوە و تێیدا جەخت لە وردەکاریکردنی پێویست دەکاتەوە، هەروەها ئەوەی وەربگرین و کاری پێبکەین زیاتر لەوەی تەنها پێیدا گوزەر بکەین.

ئەو حاڵەتی سەرسامی و نامۆبوونە کە دەوری دەستەواژەکەی گرتووە، بەسە بۆ ئەوەی هەستمان بەوە پێبکات، کە دۆلۆز سروشی ئەوە بە ئێمە و هەم بە خۆشی دەدات، کە ئەو دواجار گەیشتوەتە پرسیارە جەوهەریی و بنچینەییەکە.. کەوا گریمانە دەکرێت نمایشی سەرەتای هەموو بیرکردنەوەیەک بکات، یان هەموو پرۆژەیەکی فەلسەفی، ئەمە لە کاتێکدا لای دۆلۆز نمایشی کۆتایی رێگاکە دەکات، یان ئەو ڕاستیە بەرجەستیە کەوا دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر پێیگەیشتووە، پاشان دەیبینین وەڵامێکی

نموونەیی دادەنێت، کە بەهاکەی کەمتر نییە لە خودی پرسیارەکە.. ئەویش ئەوەیە کە ئەفراندنێکە بۆ چەمکەکان و ئەو وەڵامەیە کە پێشتر نەمان بوو، هەروەها لە هەمانکاتدا ئەو وەڵامەیە کە نەگۆڕاوە. (فەلسەفە بریتیە لە هونەری هێنانەبوون و ئەفراندن و درووستکردنی چەمکەکان).

جیل دۆڵۆز پێیوایە ( کاتی ئەوە هاتووە بپرسین فەلسەفە بە کوێ گەیشتوە)، ئەمەش پرسیارێکی پێویستە کە سەرچاوە دەگرێت لە شۆکی دۆزینەوە و خستنەڕوو بۆ دەرکەوتن. یان بریتیە لە ئەنجامێکی حەتمی بۆ شۆکی ئاگایی و ئاشکرابوون و دەرکەوتنی ڕاستیەک کە پێشتر لای نوسەرو فەیلەسوف شاراوە بووە. هەتا ئەگەر هەموو ئەو کاتەی بەسەر بردبێت و بەناو بوارو کرۆکی فکردا رۆچووبێتە خوارەوە. گەڕابێت بەدوای ڕاستی شتەکاندا. لە کۆتاییدا ساختەیی هەموو ئەو بەهاو چەمەکە ڕەهایانەی بۆ دەرکەوت و سیفەتی جێگیریی و دڵنیایی وەرگرت و ئەوەی ڕاگەیاند کە پێیگەیشتبوو، بۆ ئەوەی فەلسەفە ببێتە خاوەن میتۆدێکی جیاواز، کە کەرەستە و میکانیزمی جیاوازی هەبێت لەوەی پێشتر هەیبوو. بۆ ئەوەی پێمانبڵێت ئەمڕۆ فەلسەفە خاوەن ڕێسایەکی جێگیر نییە، بەڵکو بریتیە لە ڕەفتار، رەفتارێک هەوڵدەدات دۆزینەوە و درووستکردنی ئەو چەمکانەی کە بە رۆڵی خۆیان دەتوانن ڕستێک، یان چنراوێکی دەوڵەمەند بونیاد بنێن لە پەیوەستییەکان لەنێوان بەرینییەکان یان پانتاییەکاندا).

دۆلۆز پێیوایە فەلسەفە ( نە تێڕامان و نە بیرکردنەوە و نە لەسەر ڕۆیشتنە) بەڵکو ئەو لە شێوەی ئەفراندنی چەمکە تایبەتییەکانیدایە)، هەروەک چۆن (بیرکردنەوە نییە، چونکە هیچ کەسێک پێویستی بە فەلسەفە نییە بۆ بیرکردنەوە لە هەر شتێک).ئەوەش لەبەرئەوەی ئێمە پێمانوایە (ئێمە زۆر شت دەدەین بە فەلسەفە کاتێک دەیکەینە هونەرێک بۆ بیرکردنەوە،

بەڵام ئێمە دایدەماڵین لە هەموو شتێک)، هەروەها بە یەکگەیشتن یان پەیوەندیداریەک نییە، ئەویش لەبەر ئەوەی فەلسەفە (هیچ پەناگەیەکی کۆتایی لەو پەیوەندیداریەدا نادۆزێتەوە، کەوا بەهێز کارناکات لە بواری ڕاوبۆچونەکاندا، ئەویش لەپێناو درووستکردنی کۆدەنگیەک نەک لەپێناو دروستکردنی چەمکێکدا). ئەمەش وامان لێدەکات کە بڵێین فەلسەفە ( تێڕانامێنێت و بیرناکاتەوە و پەیوەندیداریەک درووست ناکات). هەتا ئەگەر لە لایەکی ترەوە دەتوانێت چەمکەکان دابهێنێت بۆ ئەم کارو هەڵچوونانە، بە تایبەتی کە تێڕامان و بیرکردنەوە و بە یەکگەیشتن (پەیوەندیداریی)، (بوارە مەعریفیەکان) پێکناهێنن، بەڵکو ئامرازگەلێکن بۆ دامەزراندنی هەمەکییەکان لەناو تێکڕای بوارەکاندا).

بۆیە دەبینین دۆلۆز هەوڵدەدات باز بەفەلسەفە بدات بەسەر ئەو وەهمانەدا، کەوا پێشتر گوزارشتی لێکردون.. بۆئەوەی بەرێگەیەکی تریاندا بەرێت.. بەگریمانەی کەوتنی ئەو هەمەکیانە، کەوا ڕاڤەی هیچ شتێک ناکەن.. بەڵکو ئەوە پێویستە مایەی ڕاڤەکردن بێت.. بۆیە دەبێت فەلسەفە بێت وەک ئەوەی گرامەرێکی نوێ و بێهاوتابێت، ئەویش لەبەرئەوەی ئەفراندنی چەمک ئەفراندنێکی فەلسەفی پوخت هی ئەوەو مەعریفە دیاری دەکات لەرێگەی پێناسەیەکی یەکلایی کەرەوە بۆ فەلسەفە.. (بریتیە لەمەعریفە لەرێگەی چەمکەکانەوە.. و لەنێوان مەعریفەدا لەرێگەی بونیادنانی چەمکەکانەوە. لەناو ئەزمونی مومکیندا یان پەیگیرییدا). دۆلۆز نەزعەی بونیادیی وەردەگرێت، کە دەخوازێت.. (دەبێت هەموو ئەفراندنێکی بونیادنەرانە لەسەر پانتاییەک بونیاد بنرێت، کەوا بوونێکی سەربەخۆی پێ ببەخشێت).

ئەفراندنی چەمکەکان بەلانی کەمەوە بریتیە لە هەستان بەکردنی شتێک.. لێرەوە (مەسەلەی بەکارهێنانی فەلسەفە یان شیاوێتی)، گۆڕا.

سەبارەت بە چەمکیش ئەوا بۆ یەکەمجار بەکارهێنانی چەمکێک ئەرکێکی قورسە، زەحمەت و گرنگەو تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەم بۆ یەکەمجار بەکارهێنانەش لە روانگەی دۆلۆزەوە پێویستی بە (زەوقێکی فەلسەفەی پوخت هەیە. بەتوندی یان ئاماژەدان لەناو فەلسەفەدا زمانێک بۆ فەلسەفە پێکدەهێنێت، نەک تەنها فەرهەنگێک بێت لە زاراوەکان، بەڵکو سیاقێکە باڵا دەبێت بۆ ئاستێکی بەرز، یان بۆ ستاتیکایەکی نایاب) ئەمەش ئەوە بۆ چەمکەکان فەراهەم دەکات کە (توشی لەناوچوون) نەبن... سەرەڕای ئەوەی (مێژوونوس و ئیمزاکەرو ناولێنەرە هەروەک چۆن رێگیری ناکات لەوەی کە چەمکەکان لەلایەکی ترەوە ملکەچ دەبن بۆ پێویستیەکانی نوێ بوونەوە و بژاردن و گواستنەوە کە مێژوویی دەداتە فەلسەفە، بەڵام ئەگەر چەمکەکان لەگۆڕان ناوەستن، ئایا کام دانەیان بۆ فەلسەفە دەمێنێتەوە، هەروەک چۆن پرسیار دەکات.. (بۆچی دەبێت چەمکەکان بئافرێنرێن و هەمیشە چەمکی نوێ و لەسایەی چ پێویستیەکدا و بۆچی بەکارهێنانێک؟)، هەروەک چۆن تێبینییەکی دۆلۆز هەیە لەسەر فەیلەسوفەکان کە ئەوان (وەک پێویست بایەخیان نەداوە بەسروشتی چەمک وەک روداو یان دۆزراوەیەکی فەلسەفی). لەسەر ئەوەی کە ئەوان پێیان باش بووە (وەک مەعریفەیەک سەیری بکەن یان پێدراوە، ئەوا لەرێگەی ئەو توانایانەوە ڕاڤەیان دەکرد کە توانای پێکهێنانیان هەبوو ئەبستراکت و گشتاندن). هەروەک چۆن ئەم دوو مەسەلەیە (ئەفراندن و خستنەڕووی خودیی هاوڕێک و گونجاون). ئەوەش کە ئەفراندن بێت وەک پێویست تایبەتمەندی ئەفراندنی هەیە.. هەروەک چۆن کاتێک چەمک ئەفراندنێکی ئازاد بەدیدێنێت، ئەوا ئیمکانییەتی خستنەڕووی

(خۆی لەخۆیدا بە ڕێگەیەکی سەربەخۆ و پێویست بۆ بەدیدێت). لای دۆلۆز ئەوەی زیاتر خودی بێت ئەوا زیاتر بابەتی دەبێت.. هەروەک چۆن لەو فەیلەسوفانەی وەرگرتوە، کەوا کاریان لەسەر فراوانکردنی فەلسەفە کردوە فراوانکردنی ناسنوردار هەتا خەریکبوو بۆ زانست و هونەرەکان جووڵە سەربەخۆکەیان نەهێڵێنەوە)، بەتایبەتی شوێن کانت و بەتایبەتی شیلینگ و هیگڵ کەوتن ئەوانەی (بە دەروی ئینیسکلۆپیدایەکدا دەگەڕان هەمەگیر بێت بۆ چەمکەکان. رێگە بە ئەفراندنی چەمک بدات لەسەر خودییەکی پوخت لەبری ئەوەی بۆ خۆی ئەرکێکی زیاتر سوک و خاکیانە دیاری بکات). کە دۆلۆز بە (بیداگۆژیای چەمک)ی دەبینێت فێرکردن و پەروەردە کە ئەرکی ئەوەیە (مەرجەکانی ئەفراندن وەک فاکتەرە بۆ ساتەکان بە بێهاوتایی دەمێنێتەوە)، شیکار بکات.

سێ ناوچە یان سەردەم بۆ چەمک هەیە (ئینسکلۆپیدیا- بیداگۆژیا)، درووستکردنی پیشەیی بازرگانی لە رێگەی دەستبەسەراگرتنە زانیارییەکان و بازاڕکردنە بازرگانییەکان و هونەری نەخشەسازی و پروپاگەندەوە. دۆلۆز پێیوایە قۆناغی یەکەم یان ( ماوەی دووەم بە تەنها لە توانایدایە نەهێڵێت لە لوتکەکانی یەکەمەوە بکەوینە ناو ئەو کارەساتە رەهایەی ماوەی سێیەمەوە، کارەساتێکی ڕەها بە نیسبەت فکرەوە).

سەرەتا دەبینین دۆلۆز جیاوازی دەکات لەنێوان داناو فەیلەسوفدا کە ( گریکەکان بوون جەختیان لە مردنی دانا کردەوە و لەبریدا فەیلەسوفەکانیان دانا. دۆستانی دانایی کە بەداوی داناییدا دەگەڕێن، بەڵام بێئەوەی ببنە خاوەنی بە شێوەیەکی رەهایی). هەروەک چۆن پێیوایە لەنێوان فەیلەسوفدا تەنها جیاوازیەک لە پلەدا هەبێت، بەڵکو لەوانەیە ئەو شێخە دانایەی لە خۆرهەڵاتەوە دێت، لە رێگەی وێنەوە بیر بکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا

فەیلەسوف چەمکەکە دادەهێنێت و بیری لێدەکاتەوە تێی ڕادەمێنێت، بۆیە فەیلەسوف دۆستی چەمکە، بەڵکو ئەوە دەتوانێت بیشوبهێنێت بەو کەسێتیەی کە بەشداری دەکات لە دیاریکردنی چەمکدا.

دۆستی چەمکیش (مانای کەسێکی دەرەکی ناگەیەنێت، نموونەیەک یان بارێکی ئەزمونی، بەڵکو مانای ئامادەگی دەگەیەنێت لەناو فکردا.. مەرجێک بۆ ئیمکانییەتی خودی فکر. و گوتەیەکی زیندوو ژیانێکی باڵاییە). هەروەک چۆن دۆست پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەوی تردا تێپەڕاندوە بەرەو پەیوەندییەک لەگەڵ هەمەکی و بابەتیی و لەگەڵ ماهیەتدا)، لێرەدا دەبینین دۆلۆز پرسیارێک دەکات لەوپەڕی گرنگیدایە (مانای دۆست یان یاوەر چییە، کاتێک دەبێتە کەسێتیەکی چەمکی یان مەرجێک بۆ مومارەسەکردنی فکر). ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت دۆست هەتا لە فکریشدا پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەگەڵ ئەوی تردا درووستدەکات، کە ئێمە پێمانوابوو دابڕاوە لە فیکری پوخت).

هەروەک چۆن دۆستایەتی (وریاییەکی ململانێیی لەخۆ دەگرێت لە بەرامبەر نمداریدا. هێندەی ئەوەی ئارەزومەندییەکی سـۆزداری لەخۆ دەگرێت بەرەو بابەتی حەزو ویستکردن)، لە کاتێکدا کەوا دۆستەکان دەڕۆن، ئەوا دۆستایەتییەکان دەگۆڕن بۆ ماهیەت.. وەک پەناگەو بارەگای مەیلدارو رکابەر). هەروەک چۆن ( ململانێ لەنێوان مرۆڤە ئازادەکان بە وەرزشێک دادەنرێت لەسەر مشتومڕو ڕاجیاوازی. ململانێکە لەسەر دۆستایەتیە ئەوەی هاوڕێکی یان گونجان درووست بکەیت لەنێوان کەماڵی ماهیەت و ململانێدا لەنێوان ئارەزومەندەکاندا).

لەوێشەوە کە فەیلەسوف دۆستی چەمکە، ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات، کە بڵێین ( چەمک ئەفراندن دەخوازێت، ئەمەش ئەوەیە کە وای لێدەکات

بگوازێتەوە بۆ فەیلەسوف، وەکئەوەی بەهێز هەیبێت یان خاوەنی بێت، یان ئەوەی هێزو توانای هەیە لەسەرئەوە)، هەروەک چۆن چەمکەکان (لە چاوەڕوانیماندا نابن کە سازو ئامادە بن، وەکئەوەی تەنی ئاسمانی بن، بەڵکو ئاسمانێک نییە بۆ چەمکەکان، بەڵکو دەبێت بیئافرێنێت، یان بەمانایەکی تر دایبهێنێت). لەبەر ئەوەی فەیلەسوفیش داهێنەری یەکەمیەتی، (ئەوا هیچ شتێک نابێت ئەگەر ئیمزای بەدیهێنەرەکەیی هەڵنەگرتبێت).. دوای ئەو پێشەکیەش کەوا تێیدا یان لەرێگەیەوە جیل دۆلۆز کۆی فەلسەفەکیی خستوەتەڕوو.. و هێڵە گشتیەکان بۆ پرسیارە فەلسەفیەکەی و وەڵامە نمونەییەکەی.. دەمانباتە بۆ بەشی یەکەم (تیۆری) و پێکهاتەکانی فەلسەفە نوێیەکەیمان بۆ دەخاتەڕوو.. وەک ئەوەی کە ئەفراندنێکە بۆ چەمکەکان یان چەمک.

بەشی یەکەم پێکدێت لەچوار بەشی هاوپەیوەست.. ئەگەرچی لەڕووی تیۆریەوە وا دەربکەوێت کە لێک جیان.. کەوا ڕاڤەی چییەتی، یان ماهیەتی چەمک و پێکهاتەکانی و پاشکۆ پێویستەکانی دەکات.

هەر چەمکێک پێکهاتەی هەیە کە پێی دیاریدەکرێت.. و فرەییە و هیچ چەمکێک نییە بەپێکهاتە یەکلایەنە بێت.. هەر چەمکێکیش مێژوویەکی هەیە کە بەشەکانی و پێکهاتەکانی لەخۆدەگرێت کە لە چەمکەکانی ترەوە هاتووە، کەوا وەڵامی گرفتەکانی تری داوەتەوە..

هەر چەمکێکی نوێش پەرتکردنێکی نوێیە و وێنەکردنی چێوە نوێیەکانە وەک ئەوەی چەمکی صەیرورە و بەردەوامییەکی تایبەت بەخۆی هەبێت. لەرێگەی پەیوەندیەکانییەوە لەگەڵ چەمکەکانی تردا، چەمکەکان بەیەکەوە پەیوەست دەکات، کە لەخودی خۆیدا بوار یان پانتاییەک درووستدەکات. لەوێدا کە وەڵامی ئەو گرفتانە دەداتەوە کە شیاون بۆ پەیوەستی و بەشداری

دەکاتـ لە ئەفراندێکی هاوبەشدا کە رێژەییە و رەهایە لەوەدا. من پێموایە رێژەییە بەنیسبەتـ پێکهاتە و ئاوێتە تایبەتەکانییەوە بۆ چەمکەکانی تروەوە بۆ ئەو پانتاییە کەوا جیل دۆلۆز لە بارەیەوە دەڵێتـ کە رێژەییە لەوێوە کە لەسەری کۆمەڵە کێشەیەک درووستـ دەبێتـ، گریمانە دەکرێتـ ئەو چارەسەرییان بکاتـ. لەوێوە کەوا بەشکردنییەتی، بەڵام رەهایە بەهۆی ئەو چڕکردنەوەوە کە بەدی دەهێنێتـ، لەوێوە کە ئەو هەمووە هەروەها ئەوپەڕییە بەهۆی بەرزبوونەوەی یان خێراییەکەیەوە.

بە نیسبەتـ پانتایی لە گۆشەنیگای دۆلـۆزەوە ئەو پێیوایە (ئەگەر چەمکەکان بریتی بن لە ڕوداوەکان ئەوا پانتایی بریتی دەبێتـ لە ئاسۆی روداوەکان، نەک پانتایی رێژەییکە دەگۆڕێتـ لەگەڵ چاودێردا، بەڵکو بریتیە لە ئاسۆی رەها سەربەخۆ لە هەر چاودێرێک) ئەو بەو چەقە دادەنرێتـ، کەوا چەمکەکان بەسەریدا دابەشدەبن، بێئەوەی یەکێتیەکەیان و بەردەوامییەکەیان هەڵوەشێنێنەوە، بەڵام لە بەشی چوارەمدا دۆلۆز چینەکانی فەلسەفە، یان بونیادی فەلسەفی دەبەزێنێتـ و دەچێتە ناو چینەکانی و پێکهاتەکانییەوە وەک ئەوەی (جیۆلۆجیەک) بێتـ بەردەکان تێک بشکێنێتـ لە چینەکانی زەویدا.

بەڵام بەشی دووەم کە بەشێکی پراکتیکیە دۆلۆز باس لە پەیوەستی یان جیاوازی رەگەزە وەزیفییەکان دەکاتـ (زانستـ) و چەمکەکان (فەلسەفە) و هەڵوێستی هەریەکەیان بە نیسبەتـ تەمومژەوە و جیاوازی نێوان زانستی و فەلسەفە خۆی لەو گریمانەی پێشوودا خۆی حەشارداوە بۆ هەریەک لەچەمک و وەزیفە، بەڵام بە نیسبەتـ بەشی دواترەوە.. ئەوا لەنێوان و لۆژیک و چەمکەکاندایە.. دوای ئەوە بەشی کۆتایی دێتـ لەنێوان کارتێکەری ئیدراکی و هەڵچوونی و.. چەمکەکان..

دواجاریش دەتوانین بڵێین کتێبی (فەلسەفە چیە) پرسیارێکە ململانێ، یان پێشبڕکێی وەڵامەکەی دەکات و جەختی لێدەکاتەوە، بەڵکو پرسیارێکە فکر سەرەونخون دەکات.. هانماندەدات لەسەر ئەوەی تێڕابمێنین لەوەی لەبەر دەستماندایە.. و ئەوەی نیشتووەو کەڵەکە بووە لەئاگاییماندا... لەفەلسەفە جۆراوجۆرەکان، پرسیارێکە و هاوشێوەی پرسیاری بوون و کەینونە وایە وەک ئەوەی کونکردن یان بڕینی دیواری ئاگایی ڕەق بێت یان پرسیارێکی میتافیزیکی باڵا بێت، هێندەی ئەوەی پرسیارێکی ناوەکی و شاراوەیی ئەزموونی بێت، بریتیە لە پرسیاری صەیرورە و درووستبوون و ئەفراندن و بەدیهێنان بەشێوە واقیعی و ڕاستەقینەکەی.

فەلسەفە چییە، پرسیارێکە دێت وەک ئەوەی تەحەدای سەرسامی و نیگەرانی بکات جەنگانە لە دژی دەروون و ئاگایی بۆ هاویشتنی وزە شاراوەکانی بەرەو دۆزینەوەی ڕاستیەکەی و واقیعی چواردەوری، بۆ ئەوەی زەمینە و پانتاییەکی تر بۆ خۆی بدۆزێتەوە تێیدا مومارەسەی کەینونە و بوونی بکات بە شێوەیەکی جیاوازتر و راگەیاندنی چەمکێکی تر بۆ فەلسەفە و خەریکبوونێکی تر بۆ فەلسەفە بێژیی.

**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی (المدى) پاشکۆی «مناراث».

# ئاوەزی خەمۆک

محەمەد رەزا ئێرشاد
لە فارسییەوە: شەهین سنەیی

رەنگە  لە سەردەمی هاوچەرخدا  فەیلەسوفێکی وەک جیل دۆلۆز (1925ـ1955) نەبینینەوە، کە رەسەنایەتی و گشنگیرییان هەبێت. بیرمەندێک کە هەمیشە لە بیری دیسان خوێندنەوە و دیسان بینینەوەی پێکهاتە فەلسەفییەکان و داهێنانی چەمکی نوێی فەلسەفی بوو.

دۆلۆز هاوکات گرنگی بە مێژوو، کۆمەڵناسی دەروونشیکاری، فیلم، شیوەکاری و رەخنەی هونەری و ئەدەبی دەدا. بەرفراوانی فکر و قووڵی توێژینەوەکانی ئەو، چ لەو نوسراوانەی کە بە تەنهایی نووسی و چ لەو نوسراوانە کە بە هاوکاری (فلیکس گاتاری) دەروونشیکاری ئیتالی چاپی کرد، دەبیندرێت. ئەمڕۆژە لەبەر چەند هۆیەک دۆلۆز لە پانتایی فکری هاوچەرخدا گرنگی هەیە: یەکەم لەبەر ئەوەی کە بە دیسان خوێندنەوەی وردی نوسراوی  فەیلەسوفەکانی رابوردوو میتۆدێکی بە تەواوی جیاوازی گرتەبەر.

دووەم ئەوەی کە دۆلۆز فەلسەفەی لە چەقبەستووییەک رزگارکرد، کە بەرۆکی گرتبوو و ئاسۆیەکی بەرفراوانی بۆ کردەوە، بە شێوەیەک کە میشل فۆکۆ لە شوێنێکدا دەڵێت: « رەنگە سەدەی داهاتوو هی دۆلۆز بێت»، یان لە شوێنێکی دیکەدا وتویەتی:« دۆلۆز ئێمەی فێرکرد، کە هێشتا بوار بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی هەیە». لەلایەکی دیکەوە، دۆلۆز هەمیشە خۆی بە ئەزموونگەرا ناوهێنا و لە سەرتاسەری نوسراوەکانی هەوڵیداوە چەمکەکانی

« پلۆرالیزم»، «جیاوازی»، « بوون»، « چالاکی»، « ئێنتما» بەکار بێنێت.

سێیەم ئەوەی کە دۆلۆز بە ئەدەبیاتێکی نامارکسیستی و نافرۆیدی باسی لە کۆمەڵگە و مرۆڤ کردووە، بابەتێک کە لە سەردەمی ئەودا بەهۆی باوبوونی هزرە فرۆیدی و مارکسییەکان نەدەلوا. ژمارەیەک لە نوسراوەکانی ئەو بریتین لە: نیتچە و فەلسەفە (1962)، پروست و نیشانەکان (1964)، برۆگسۆنگەرایی (1968) جیاوازی و دوبارەبوونەوە (1968)، دەرکەوتگەرایی لە فەلسەفەی سپێنۆزا (1968)، لۆژیکی هەست (1969) سپێنۆزا: فەلسەفەی پراکتیکی (1970)، سینەما: جوولەو وینە (1983)، فۆکۆ (1986)، فەلسەفە چییە (1991)، (بە هاوکاری گاتاری)، بوونی دەرەوەی رەسەن، وتارگەلێک لە بارەی ژیان (2001)و بابەتێک کە لە خوارەوە دێت، تیشک خستنە سەر لایەنێک لە بووناسی دۆلۆزە.

دەتوانین پـرۆژەی فەلسەفی جیل دۆلۆز لەنێو بابەت گەلێک، کە لە بارەی هەندێک لە فەیلەسوفە مۆدێرنەکانی نوسیویەتی، ببینینەوە. دۆلۆز روانگەیەکی رەخنەگرانەی بۆ میراتی فکری نەوەکانی پێشوو هەبوو. رەخنەی دۆلۆز لەسەر شێوازە باوەکانی نووسینی مێژووی فەلسەفە دوو لایەنی بنەمایی هەیە: یەکەم ئەوەی کە بەرای ئەو مێژووی فەلسەفە هەمیشە هۆکای هێز لە فەلسەفە و هزر بووە، واتە رۆڵێکی پاشەکشەکەری هەبووە.

خودی دۆلـۆز دەڵێت: «ئایا دەتوانین بەبێ ئـەوەی کە ئەفلاتون، دیکارت، هایدیگەر، یان کۆمەڵێک کتێب لە بارەی ئەوانەوە بخوێنینەوە، کاری فەلسەفی بکەین و بیر بکەینەوە؟ لە راستیدا ئەم کارە نالویت. بە رای دۆلۆز هەر قوتابخانەیەکی فەلسەفی ژمارەیەک پسپۆر پەروەردە دەکات، بەڵام ژمارەیەک پسپۆریش لە دەرەوەی سنووری ئەو دەمێننەوە، لەگەڵ

خۆی یەکسانی دەکات. ئەو فەلسەفەی بە چالاکییەک لە دەرەوەی پانتایی ئەکادیمی دەزانی.

جاک دریدا لە وتارێکی ئەدیبانە کە بۆ پرسەی دۆلۆز پێشکەشی کرد، ئاماژەی بەم کێشەیە دا: «دۆلۆز لەنێو هاوتەمەنەکانی لەو کەسانە بوو کە فەلسەفەی شادانەترو بێ تاوانەتر کرد. بەبێ گومان ئەمە بۆ ئەوە بوو، کە  کاریگەری زۆری لەسەر فەلسەفە ئەم سەدەیە دابنێت، کاریگەرییەک کە شیاوی بەراوردکردن نییە، ئەویش داهێنەری فەلسەفەیەکە، کە هیچکات خۆی لە پانتاییە تایبەتەکان سنووردار نەکرد. ( دۆلۆز لەبارەی شێوەکاری، سینەما، ئەدەبیات، بیکن، لویس کارول، پرۆست، کافکا، ملویل، ئارتود نووسی) بەڵێ دەمەوێت بڵێم کە هەر ئەم شێوازە هاودەم بوونەی ئەو لەگەڵ وینە، رۆژنامە، تەلەفزیۆن، شوێنە گشتییەکانم خۆش دەوێت»، بەڵام رەخنەی دووەمی دۆلۆز لە بارەی مێژووی فەلسەفە بۆ شێوازە نەریتییەکانی ئەو دەگەڕێنەوە. بە رای دۆلۆز ئەنجامێک کە لە رەخنەی یەکەمی (مێژووی فەلسەفە) نەسیبمان دەبێت، ئەمەیە کە فەیلەسوفەکان تەنها پسپۆڕانی شتەکان و دیاردەکانن، بەڵام دەبێت فەیلەسوف تەنها ئافرێنەر بێت، بەڵام وەک تێڕانامێنێت. دۆلۆز لەو باوەڕەدا بوو کە فەیلەسوف لە جیاتی تێڕامان لە بارەی سروشتی شتەکان و دیاردەکان، دەبێت چەمکی نوێ دابهێنێت. فکری فەلسەفەی نەریتی و ئاکادێمیایی بە شێوەیەکی وەها خۆی  بەندی خۆی کردووە، کە توانایی سەیرکردنی دەرەوەی نییە. بە رای دۆلۆز نابێت فەیلەسوف هزر بکاتە دەستاوێزێک بۆ دروستکردنی دەزگای داخراو و جیا لە دەقی ژیان دابنێت، فەلسەفە واتە بیر لێدان بۆ ژیانکردن.

- **فەلسەفەی بوون، جیاوازی و پلۆرالیزم**

ئامانجی دۆلۆز لە دیسان خوێندنەوەی مێژووی فەلسەفە، بێنینەوەی رێگایەک بوو بۆ ئەوەی چەمکە فەلسەفییەکان لە بوون بەست و سنوورێک کە تووشی بوون رزگار بکات. لەم پەیوەندییەدا، دۆلۆز بە خستنەرووی چەمکەکانی « پلۆرالیزم» و « جیاوازی» دووری لە چەمکەکانی « یەکبوون»، « شوناس» و «زاڵبوون» گرت. ئەو هەوڵیدا فەلسەفەی خۆی لەسەر بنەمایة « پلۆرالیزم» و « جیاوازی» بونیات بنێت. ئەو لە کتێبی « جیاوازی و دوبارەبوونەوە» کە بە گرنگترین کتێبەکانی ئەو دێنە ئەژمار رەخنەی لە فەلسەفە لە سەردەمی ئەفلاتونەوە هەتا هایدگەر گرت. بە رای ئەو لە سەردەمی ئەفلاتون بە دواوە چەمکی « جیاواز» لە خودی خۆیدا بە نەناسراوی ماوتەوە. ئەو لە کتێبی « جیاوازی و دووبارەبوونەوە» لە هەوڵی رووخانی ئەمشێوازە زاڵەی فەلسەفییە و دەیەوێت « جیاوازی» و « فرەیی» وەک بابەتێکی خودی بناسێت.

هەروەها لەبەر ئەمەیە کە دۆلۆز رەخنە لە چەمکەکانی یەکبوون و شوناس لە فەلسەفەی خۆرئاوا دەگرێت. لە روانگەی ئەوەوە شوناس تەنها لەسەر بنەمای « جیاوازی» و « فرەیی»، گەڵاڵە دەبێت. لەمڕووەوە هیچ شوناسێکی تاقانە نابینینەوە. یەکبوون واتا لادانی جیاوازییەکان و گونجاندنی ئەوان لەنێو بابەتێکدا. لە روانگەی دۆلۆزەوە یەکبوون واتا هەبوون، بەڵام جیاوازی واتا بوون پەیدا کردن، بۆیە دۆلۆز  دووری لە « فەلسەفەی هەبوون» دەگرێت و روو لە « فەلسەفەی بوون پەیدا کردن» دەنێت، بەڵام فەلسەفەی بوون پەیداکردنی دۆلۆز هەڵوستێکی دژە هیگلی هەیە، بۆیە هیچکات وەک فەلسەفەی بوون پەیداکردنی هێگل دیالکتیکی نییە. لە روانگەی دۆلۆزەوە دیالیکتیک واتا رەتکردنەوەی جیاوازی و فرەیی و گەیشتن بە یەکبوون.

فەلسەفەی بوون پەیداکردنی هیگل لەسەر بنەمای دیالکتیک دوو بابەتی دژیەک و لە دواییدا چارەسەرکردنی دژیەکی نێوان ئەوان لە گشتێکی یەکبوودا بنیاتناوە، بۆیە لە روانگەی دۆلۆزەوە، فەلسەفەی هیگلی، لە بنەمادا یەکبوونگەرایە. هیگل نەفی بە ماتۆر مێژوو دەزانێـت کە لە دواییدا دەستەبەربوونی رۆحی رەها (یەکبوون) پێشکەش دەکات، بەڵام لە روانگەی دۆلۆزەوە ئەمە تەنها تەوەهۆمێکی وشیارییە و مێژوو هیچ کۆتاییەکی نییە. لە روانگەی دۆلۆزەوە بوون خاوەنی گەوهەرێکە، کە هەمیشە لە کارلێک و سازگاری دیاردەکان، سیما فرەچەشنەکان و جیاوازی لە خۆی نمایش دەکات.

- **بێکۆتایی وردبوون**

لە روانگەی دۆلـۆزەوە « فەلسەفەی بوون پەیداکردن»، هەمان « فەلسەفەی جیاوازییە»، بۆیە ئامانجی فەلسەفە گەیشتن بە ئامانجەکان و کاروباری سروشت نییە، بەڵکو گەیشتن بە کاروباری ورد و بچوکە. لەمڕووەوە ئەو ئایدیای « وردتر بوون»ی لە سەنتەری فەلسەفەی خۆی دانا. لە روانگەی دۆلـۆزەوە فەلسەفە واتا بێکۆتایی بچوک بوونەوە و بیرکردنەوەی فەلسەفی واتا هزر لەبار بوونە بچوکەکان. بەرای ئەو ئەگەر بوون پەیداکردن بە ئامانجێکی درووست بکاتە بابەتی سەرەکی جووڵەی خۆی، لە دواییدا سەر لە ئایدیای یەکبوون دەردێنێت و درووست لەم هەڵویستەدا، جوولەی رادەوەستێت.

دۆلـۆز لەو بـاوەڕەدا بوو کە چەمکە درووستەکان و ئایدیا گەورە فەلسەفییەکان وەک ئایدیا بـەرزەکـان وەک ئۆتۆپیای رەنگاورەنگی ئایدیۆلۆژیک دووری لە هەر جۆرە گۆڕان و بوون پەیدا دەگرێت، بۆیە

ناچارە سەخت و دۆگما بن. فەلسەفەی بوون پەیداکردن واتا پەردە لادان لەرووی چەمکە سنووردارەکان و وردکردنی ئەوان بۆ چەمک گەلێکی بەش و بچوک. لەمڕۆوە بەرای دۆلۆز وتاری فەلسەفی خۆرئاوا لە بارەی چەمکە دروستەکان لە دەوری « پیاوی سپی وشیاری خۆرئاوا» گەڵاڵە بووە، بۆیە ئەو هەوڵدەدات بە شکاندنی ئەم هێژمۆنییە وتاری بواری فرەیی و گۆڕانی وتارە وردترەکان وەک: بەژن بوون، بەنەستی بوون و بە ناخۆرئاوایی بوون، برەخسێنێت.

- **فەلسەفە و داهێنانی چەمکەکان**

دۆلۆز لە کتێبی « نیتچە و فەلسەفە»دا دەنووسێت: «کاتێک کەسێک دەپرسێت بواری بەکارهێنانی فەلسەفە چییە، دەبێت وەڵامێکی زبری بدرێتەوە، چونکە ئەم پرسیارە هەوڵدەدات گاڵتەجار و سەرسووڕهێنەر بێت. فەلسەفە بە کەڵکی  دەوڵەت و کلێسا نایەت کە ئەرکێکی دیکەیان هەیە. ئەو فەلسەفە بە کەڵکی هیچ دەسەڵاتێکی جێگیر نایەت. فەلسەفە بەکارهێنانێکی دیکە جیا لە خەمۆک کردنی نییە، فەلسەفەیەک کە کەسێک خەمۆک و دڵگران نەکات، فەلسەفە نییە. فەلسەفە بۆ لەکەدارکردنی دەبەنگیی بە سوودە، بۆ گۆڕینی دەبەنگیی بە شتێک کە جێگای شەرکە، تەنها بەکارهێنانی خستنەرووی هەموو شێوازەکانی دەبەنگیی بیرکردنەوەیە. فەلسەفە لە ئیجابیترین شێوازیدا رەخنەیەک و شێوازێکی سڕینەوەی ئالۆزییە». دۆلۆز ئەرکی سەرەکی فەلسەفە بە ئاشکراکردنی دەبەنگییەکان، ئالۆزییەکان و بووەتە زیهنی و فکری و دەزانێت چەندە ئازاردەرە ئەو کاتە کە مرۆڤ نێدەگات چەمکگەلێک کە تەمەنێک لەگەڵیان ژیاوە،  وەکو دەبەنگین، بە بێگومان ئەم کێشە دەبێتە هۆی رەنج و خەمۆکی ئەو، بەڵام

دۆلۆز لێرەدا کۆتایی بە ئەرکی فەلسەفە ناهێنێت. بە رای ئەو دوای ئەم پاککردنەوەی زێهنییە دەبێت پەنابەرینە بەر درووسنکردنی چەمکەکان و ئەمە قوناغێکی دژوارە.

دۆلۆز و گاتاری لە کتێبی « فەلسەفە چییە؟» دەڵێن: « فەلسەفە، هونەری فۆرم بەخشین، داهێنان و دروستکردنی چەمکەکانە.»، بەڵام چەمک چییە؟ بە رام کێشەیەکی سادەیە، بەڵام وەهاش نییە. چەمک خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانەیە: 1ـ هەر چەمکێک بە هۆی «جیاوازی»، « جیایی» و « فرەیی» فۆرم پەیدا دەکات. بە واتایەکی دیکە هەر چەمکێک شتێکی تاقانە و بەستراوە بە خۆی نییە، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵەیەکی دیکە لە چەمکەکان پەیوەندییەکی زیندووی هەیە.

2ـ دەبێت هەر چەمکێک دەبێت ژیان پەسەند بکات و لەگەڵ هەر شتێک کە بە چاوی سووک سەیری ژیان دەکات، بەرهەڵستکاری بکات.

3ـ چەمکەکان سەروکارییان لەگەڵ حەقیقەتەکاندا هەیە، چونکە حەقیقەت گریمانەیەکە کە هزر دەخاتە خزمەتی وێنا وشک و داخراوەکانەوە.

لە هەر حاڵەتێکدا بەرای دۆلۆز هەر کاتێک بابەتە باڵادەستەکان بەسەر فکردا زاڵبوون، فەلسەفە چالاکی خۆی لە دەستداوە و کەوتۆتە خزمەتی ئایدیا و ئایدیۆلۆژیا باڵادەستەکانەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە کە بۆچی و چۆن چەمکەکان لە بواری بابەتی دوور دەکەونەوە و دەبنە دۆگمای وشک و زاڵ بەسەر زیهنی مرۆڤەکاندا؟

- **وردە سیاسەتی ئینتیما**

دۆلۆز لە کتێبەکانی دژە ئۆدیپ (2 بەرگ بە ناوەکانی سەرمایەداری و شیزوفرنی و هەزاران تەپۆڵکەی نووسراو) و « فەلسەفە چییە؟» کە

به هاوکاری و هاوفکری فلیکس گاتاری نووسراوە، هەوڵیداوە وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوە بەدەست بێنێت و پانتاییەک بۆ درووستکردنی وتاری فەلسەفەی و چەمکە نوێیەکان درووست بکات. ئەوان لە توێژینەوەکانی خۆیان لە بابەتێترین بواردا واتا، بایۆلۆژیاوە دەستپێدەکەن و ئەو کات دەچنە بوارە کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژووەییەکانەوە. بەرای دۆلۆز و گاتاری مرۆڤ لە سەرەتاییترین بارودۆخدا، بوونەوەرێکی بایۆلۆژیاییە، بۆیە لەودا ئینتیما یان راکێشانی دەسگرتن بەسەر شتەکان بوونی هەبە. ئینتیما وەک ماشینێکە کە مرۆڤ بەرەو پێشەوە دەبات. ئینتیما رەوتێکی ئازادی هەیە و لە سەرەتای لە دایکبوونەوە هەتا کۆتایی تەمەن لەگەڵ مرۆڤدایە، بەڵام چۆنیەتی رودانی و ئاراستەی بە درێژایی تەمەنی هەر تاکێک جیاوازە. لە روانگەی دۆلۆز و گاتارییەوە دوو جۆر ئینتیما بوونی هەیە: 1ـ ئینتیمای پارانۆیی 2ـ ئینتیمای شیزویی.

ئینتیمای پارانۆیی، سەرچاوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەیە. لەو ساتەوە کە منداڵ لە دایک دەبێت هەتا ساتێک کە دەچێتە نێو پانتایی کۆمەڵ و کۆلتورەوە، رووبەڕووی هەندێک نۆرم و رێسا دەبێتەوە کە بەردەوام ئینتیمای ئەو سەرکوت دەکەن و ئەو بەرەو کەناڵەکان و ئاراستە تایبەتەکان ئاراستە دەکەن. بۆ نموونە لە هەر کۆمەڵگەیەک پروپاگەندەی بەربڵاو بۆ جۆرەکانی کاڵابوونی هەیە کە ئامانجییان ئەوەیە کە ئەو شتەی کە پێشتر نەماندەناسی، بکڕین. لەو ساتەوە کە لەدایک دەبین، بە پڕوپاگەندە و ئایدیۆلۆژیاگەلێک دەور دراوین کە ئینتیمای جیاواز لەلای ئێمە درووست دەکەن، ترس لە نەبوونی ئەوانە کە ئێمە بەرو لای ئەوان رادەکێشێت.

ئەمە هەمان « ئینتیمای پارانۆییە». ئەم ئینتیما بە ترس دەجوولێت، ترس لەوەی کە خاوەنی شتێک نەبین کە ئەوانی دیکە هەیانە، ترس لەوەی

کە ئەوانی دیکە کە هەیانە لە بارەی ئێمەوە بە شێوەیەکی نادرووست دادوەری بکەن، ترس لە سزا، ترس لە گاڵتەپێکردن.. بەڵام چ شتێک ئەم ترسە درووست دەکات؟. کۆمەڵگەی سەرکوتگەر و دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان و ستەمکارەکان. لە راستیدا لە هەر کۆمەڵگەیەک، ئینتیمای مرۆڤەکان لە شێوازی جیاوازی کۆمەڵایەتی رەمزی بۆ دادەنرێت. ئەم دانانی رەمزە، بواری درووستکردنی ئینتیمای پارانۆیی دەستەبەر دەکات. بۆیە ئینتیمای پارانۆیی خەمۆک و دۆگمایە، چونکە لە رێگای کۆمەڵ و خێزانەوە سەرکوت دەکرێت و دواتر رێنوێنی دەکرێت. لێرەدایە کە ئیدی ئێمە شۆفیری سەیارەی ئینتیمای خۆمان نین، بەڵکو لە لوتکەی ئەو کۆمەڵگە و لە لوتکەی ئەودا دەسەڵاتداران، ئەو دەخەنە کار. کۆمەڵگە لەوە دەترسێت کە خودی مرۆڤ شۆفیری سەیارەی ئینتیمای خۆی لە ئەستۆ بێت، لەمڕووەوە ئەو کۆنترۆڵ و سنووردار دەکات، بەڵام ئەو بەشە سروشت و رەسەنی ئینتیما کە ناوی ئینتیمای شیزونییە لە توێژاڵەکانی خوارەوەی کۆمەڵ و کولتوور لە جولەدایە و هەمیشە لە هەوڵی بینینەوەی رێگای دزەکردن بۆ دەرەوەیە. ئینتیمای شیزونی نۆرشکێن، شۆڕشگێڕ و دژە کۆمەڵایەتییە.

تـۆڕی قـەدەغـە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ سەرکوتکردنی ئینتیما تاکەکەسییەکان، مرۆڤی رەوان نەژاد درووست دەکات کە ئینتیماکانی خۆیان پشتگوێ خستووە و لەمڕووەوە هەست بە گوناح و خەمۆکی دەکەن. دیکتاتۆرەکان و ستەمکاران بە ئاراستەکردنی ئینتیما کەسییەکان لە رێگای نۆرمە وشک و رێسا سەخت و نەگۆڕەکانی زیهنیەتە خەمۆک و گوناحکارەکانەوە لەلای هاولاتیان درووست دەکەن.

لە راستیدا ئینتیمای دەسەڵاتداران، رەوتی ئازادی ئینتیمای سنووردار دەبێت و لەم رێگایەوە هۆگی تایبەتی لەلای مرۆڤەکان درووست دەکات،

هۆگری گەلێک کە ئەلقینی و سەپێنراو بووە و سەرچاوە لە ئینئیمای ئاک وەرناگرێت، بۆیە ئەم ئینئیمایە بە جۆرێک دەسەڵات دێنە ئەژمار و لەمڕووەوە خسڵەتێکی سیاسی پەیدا دەکات. ئامانجی دۆلۆز و گاتاری لە خستنەرووی پرۆژەی وردە سیاسیەتی ئینئیما، شکاندنی دیواری نێوان ئینئیما و هۆگرییە مرۆییەکانە. بە شێوەیەک کە مرۆڤەکان بتوانن ئازادانە ئینئیمای خۆیان بەدەر بخەن و بیربکەنەوە و بەپێی هۆگرییەکانی خۆیان کاربکەن. ئینئیمای چالاکی دۆلۆز و گاتاری شێوازێکی دیکەیە لە ویستی بەستراو بە دەسەڵاتی نیتچە.

دۆلۆز و گاتاری لەو باوەڕەدان، کە بە کێشانی روانگەیەکی وەها لە گەڵاڵەبوون و گۆڕانی ئینئیما، دەتوانن هەتا رادەیەک وەڵامی پرسیاری پێشوو بەدەست بێنن. وەلامی ئەوەی کە بۆچی و چۆن مرۆڤەکان چەمک گەلێک بەرهەمدێنن کە دەبنە دۆگما زاڵەکانی سەر بە زیهنەکان، روونە لەبەر ئەوەی کە چەمکە فەلسەفییەکان سەرچاوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتییان هەیە، بۆیە دەبێت ئەوان لە هەمان چوارچێوەدا ئاوتوێ بکەین.

واتە ئینئیمای مرۆیی بە شێوازی فرەیی و چالاکی ژیان لە کۆمەڵگە و مێژوودا بەردەوام سەرکوت بووە و لە بەرامبەردا شێوازگەلێکی ئایبەت لە ژیان بە رەسمیەت ناسراون. لە بارودۆخێکی وەهادا فکر و چەمکەکانی بەرهەمهاتوو لەویش لە دەوری ئەوەرە نەگۆڕەکان دەسوڕێنەوە، بۆیە چەمکی یەکبوونگەرا و نەگۆڕی فەلسەفی لەسەر بنەمای لادانی شێوازی جۆراوجۆر و جیاوازی ژیان و لە بەرژەوەندی شێوازێک لەو درووست دەکرێن. لێرەدایە کە ئینئیما بۆ داهێنانی چەمکەکان فرە و گەشەکردوو سەرکوت دەکرێت.

• **شیکاری شیزو**

بەڵام دیسان دۆلۆز و گاتاری لەو بـاوەڕەدان کە دەتوانن چەمکە فەلسەفییەکان دابهێنن، بەڵام بە چ شێوەیەک؟ چۆن دەتوانن ئینتیما بۆ داهێنان و چالاکی لە ناوکی چەمکە سفت و سەخت بووەکان بەدەربێنن؟

دۆلۆز و گاتاری بە خستنەبەرباسی شیزوفرن و شیکاری شیزو، لەو باوەڕەدان کە کارێکی وەها دەکرێت. لە هزری ئەواندا شیزوفرنی واتایەکی سەرتر لە بەکارهێنانی ئەو لە پزیشکی دەروونی هەیە. لە راستیدا کینایە لە تاکێکە کە خۆی لە چوارچێوەی سیستەمە داخراوو نەگونجاوە فکری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە کان بەند ناکات. لە شیتەڵکاری دەروونی، تاکی شیزوفرین لە بەرامبەر بە ئۆدیپی بوون یا بە تەعبیرێک، بە کۆمەڵایەتی بوون خۆراگری دەکات.

لەمڕووەوە هەمشە لە پەراوێزی کۆمەڵ و وتاری زاڵدایە. بەرای دۆلۆز و گاتاری هەر یەک لە ئێمە دەبێت خەسڵەتێکی شیزوفرینێکمان هەبێت. ئەوان بە گرتنەبەری شیکاری شیزو هەوڵیاندا هەتا ئینتیمای پارانۆیی لە پێکهاتەی سیستەمە زانستی و ئایدیۆلۆژیکییەکان بەدەر بێنن و بواری چالاکی بۆ ئەو ئامادە بکەن. لە روانگەی دۆلۆز و گاتارییەوە مرۆڤەکان ناچار بە ژیان لە سیستەمە داخراوەکان و لە چوارچێوە سنووردارەکانن، بەڵام شیکاری شیزو کە لەسەر بنەمای زیهنەی شیزوفرنیک بونیات نراوە، دەبێـنە هۆی ئەوەی بواری چالاکی ئینتیما بۆ گۆڕینی سیستەمی جێگیر بەدی بێنێت. مرۆڤی شیزوفرین تاکێکە کە هەمشە لەنێوان دوو سنووری ئینتیمای دۆگما و ئینتیمای چالاک و نۆرم شکێن لە هاتوچوودایە. هەرچەندە تاکی شیزوفرێن لەنێو کۆمەڵدا دەژیت، بەڵام هیچکات سنووردار بەو نیە، بەڵکو هەمیشە هەوڵدەدات سنووری ئەو ببەزێنێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە دۆلۆز و گاتاری لە کتێبی « هەزاران تەپۆڵکە» بە خوێندنەوەی بۆچوونەکانی فرۆید و مارکس، بە شێوەیەکی نوێ شیکاری کۆمەڵگەیان کردووە. بە کورتی ئەوان لەو باوەڕەدان کە ئینتیما یان حەز کە بنەمای جوولەی مرۆیی و لەراستیدا بنەمای گۆڕانی ئۆرگانیک و نائۆرگانیکە، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری، هەرچەندە لە روانگەی ئەوانەوە سەرمایەداری کۆمەڵگەیەکە کە مرۆڤی لە بەندی دیلی کۆمەڵگەکانی پێشوو رزگار کردووە سەرکوت دەکرێت، لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا ئینتیمای مرۆڤ خەسڵەتێکی خەمۆک و پارانۆیایی پەیدا دەکات.

بەرای دۆلۆز تەنانەت شیتەڵکاری دەروونی لە پانتایی پارانۆیی هەنگاو دەنێت، چونکە ئینتیما لە ئاراستەی خوسات بۆ ئەبژەیەکی دیاریکراو پێناسە دەکات، بۆیە حەز لە روانگەی شیتەڵکاری دەروونی هەمیشە لەگەڵ نەبوون یان نەبوونێک کە دەبێت بە بەدەستهێنانی ئەبژەیەک پڕ بێتەوە، بەدەر دەکەوێت. لەبەر ئەم هۆیە، هەم نەستی فرویدی و هەمیش نەستی لکانی دەبێتە بابەتێکی سەرکوتکراو و ایستا، بەڵام ئینتما لە روانگە دۆلۆز و گاتارییەوە لە بنەمادا بابەتێکی ئیجابییە کە پەیوەندەکان و گۆڕانەکان دەلوێت. بۆیە ئێنتما بابەتێکی خۆبینەر و خۆبەرهەمهێنەرە. لەسەر ئەم بنەمایە، کۆمەڵگەی سەرمایەداری خەسڵەتێکی شیزوفرنیکی هەیە، چونکە لەلایەکەوە بە درووستکردنی پێویستیە درۆزنانەکانی هێزی ئازمەندیی لە مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی کالاکان دەروژێنێت و ترس لە نەبوونی ئەوان زیاد دەکات و لە راستیدا حەزی پارانۆیی لەودا بەهێز دەکات، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لە توێژاڵەکانی خوارەوەی ئەم کۆمەڵگە، ئینتیما و حەزی شیزویی کە چالاک و شۆڕشگێڕییە، لە ئارادایە. ئەم ئینتیمایە لە دانانی خود هەڵدێت و ناتوانین ئەو دەستەمۆ بکەین.

• **بڵاوکردنەوەی ئینتیما و بوونناسی ریزومی**

یەکێک لە گرنگترین خوازراوەکان کە دۆلۆز هاوڕێ لەگەڵ گاتاری بە تایبەت لە کتێبی «هەزاران تەپۆڵکە»دا بۆ شرۆڤەکردنی فەلسەفەی پلۆرالیزمی خۆی بەکاری هێناوە، وشەی « ریزومە». ریزوم لە بایۆلۆژیا بە ریشەی لاوەکی روەک دەوتریت. ریزومەکان لە مەوداکانی نێوان ریشەی سەرەکی روەکدا دەڕوێن. بە پێچەوانەی ریشەی سەرەکی کە لە ئاراستەیەکی تایبەتدا گەشە دەکات، ریزومەکان بە ئاراستەی جۆراوجۆر گەشە دەکەن. ئەم خوازە بە باشی مانای دۆلۆز لە چەمکەکانی پلۆرالیزم، جیاوازی و بوون پەیداکردن پێشان دەدات. لێرەدا دەتوانین جیاوازی لەنێوان فکری ریزومی و فکری داریدا بکەین. بەرای «داگلای کلنێر» و « سنیۆن بست»، نموونەی داری فکری گشتی سنووری مەعریفەی خۆرئاوای گەڵاڵە کردووە. فکری داری باسی خەسڵەتی هێڵی، پەیژەیی، ئیستا و لە بڕاوەکان، دابەشکراوەکان و دانانی هێڵی نێوان بابەتەکان دەکات. فکری داری هەمان فەلسەفە « بوون»ە، بەڵام فکری ریزومی فرەچەشن، ناهێڵیت، چالاک لە ئاراستەی جیاواز و پەیوەندیدار بە هیڵەکانی دیکە فکرەوە هەیە و لە راستیدا لەودا هەواڵێک لەبارەی دانانی سنوورەکان و دابەشکردنەکانی فکری داری بوونی نییە. فکری ریزومی دەتوانێت ژینگەکان و هێڵەکانی فکری داری تێک بشکێنێت و ئەو لە تۆڕێک لە کاروبارە هەمبەرسییەکان رێکبخاتەوە. لە راستیدا ریزومەکان لەنێوان مەوداکانی لەپێش ئارایی و گرێگەلێک، کە لەلایەن بابەتەکان و رێککاری فکری دابڕاو جیابوونەتەوە، پەیوەند درووست دەکەن.

بەهۆی بوونی ئەم خەسڵەتە چالاک و ناهێڵیە، رێزومەکان بەردەوام لە سنوور و ژینگەی جۆراوجۆردا بوونیان هەیە. ئەم بارودۆخە خەسڵەتی سنوور سڕینەوە بە ریزومەکان دەبەخشێت، درووست خاڵەی بەرامبەر فکری

داری کە ئینتیما بۆ سنوورێکی تایبەتی هەیە. بەمشێوەیە فکری ریزومی، فکرێکە کە خاڵی کۆتایی نوێی هەیە، یان لە راستیدا ناتوانین سەرەتا و کۆتاییەک وێنا بکەین. لە راستیدا سەردەمی نوێ کە شۆڕشی پەیوەندییەکان بە جیهانی مەجازی و دونیاری تۆڕی لێکەوتۆتەوە، وێناکەری ژینگەیەکی وەهایە. جیهانی ئێنتەرنێت بە چڕکردنەوەی کات و شوێنی مێژوویی و دانانیان لەپاڵ یەکتر هوشیاری جۆراوجۆر و تۆڕێکی ئێکچێندراو لە زانیاری درووستکردووە.

بۆیە، پێکهاتەی ئێنتەرنێت وەک ریزوم هەمیشە خۆی بەرفراوان دەکات و پەیوەندی ئاسۆیی و ناپەیژەیی خۆی درووستدەکات، بۆیە گرنگترین تایبەتمەندی جیهانی مەجازی درووستکردنی پەیوەندی خێرا و درووستکردنی پەیوەندی بەردەوامە.

ئێوە لە جیهانی مەجازیدا دەتوانن بە ئاسانی لە پانتاییەکەوە یان بنکەیەکەوە بۆ بنکەیەکی دیکە گەشت بکەن، بەبێ ئەوەی کە سنوورێک بوونی هەبێت. لەبەر ئەم هۆیە هەموو وشیارییەکان و زانیارییەکان لە کۆنترین سەردەمەکانەوە هەتا ئەمڕۆ لەبەر دەستی ئێوەدایە و بە ئاسانی دەتوانن بە نێو ئەواندا گەشت بکەن. ئەم فکرە تۆڕییە وەک فەلسەفەی پلۆرالیزم و بوون پەیداکردنی جیل دۆلۆز، شوناسێکی تۆڕی یان بەپێی وتەی دکتۆر شایگان، جیهانێکی چل پارچەیی بۆ مرۆڤ بەرهەمهێناوە.

- **بەژنبوونی فەلسەفە**

بەرای گرووپێک لە فەیلەسوفەکان، لەنێو هەموو رەهەندە جیاوازەکانی بوون پەیداکردنی فەلسەفەی دۆلۆز، « بەژنبوون» گرنگی زیاتری هەیە. ئەوان لەو باوەڕەدان کە رەخنەی دۆلۆز لە بارەی فەلسەفەی یەکبوونی

خۆرئاوا و درووستکردنی بوونناسی ریزومی لە روانگەی ژنانەوە سەیر کردووە. بەم واتایە کە ئەگەر هەتا ئێستا مێژووی فەلسەفە، جیاوازی و پلۆرالیزمی رەتکردوەتەوە، بۆیە جیاوازی رەگەزی کە یەکێک لەلایەنەکانی ئەو ( جیاوازی و پلۆرالیزم)ە، لە پیاویەتیدا حەل بووە، بە واتایەکی باشتر، ژنانی بوون لە بەرژەوەندی پیاویەتیدا لادراوە. لەمڕووەوە بۆ رزگاری لە فەلسەفە لە بونبەستی ئێستا دەبێت رەهەندە ژنانییەکانی ئەو بەهێز بکەین.

بۆ ئەم مەبەستە، ئەم گرووپە لە بیرمەندانی دۆلـۆزی، چەمکی بە ژنبوونی فەلسەفەیان کردۆتە تەوەری بیرکردنەوەی خۆیان. رۆژێک براید وتی فەیلەسوفی فیمینیستیی هاوچەرخی ئیتالی بە خوێندنەوەی فمینیستانە بۆ نوسراوەکانی دۆلۆز هەوڵیدا مانای چەمکی بە ژنبوونی فەلسەفە روون بکاتەوە. لە روانگەی ئەوەوە پیاویەتی سەروکاری لەگەڵ پرۆسەی بوون پەیداکردن نییە،بەڵام ژنیەتی « سەرتاسەری بوون پەیداکردن» و گۆڕانە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە ناوکی سەرەکی فەلسەفەی دۆلۆز، لە مانای بە ژنبووندا خۆی حەشارداوە.؟ ژنان وەک ریزون لە پەراوێز و ناوەڕاستی وتاری زاڵی پیاوان دان، لەمڕووەوە هەمیشە هەوڵدەدەن لە ناوەند هەڵبین. لە روانگەی دۆلۆز و گاتاری لە کۆمەڵگەی پیاوسالار لەگەڵ بە ئۆدیپی بوونی تاک لە چوارچێوەی خێزان، ئینتیماکانی ئەو سەرکوت دەکرێت. بە ئۆدیپی بوون، واتا تەنها بە رەسمیەت ناسینی رەگەزی نێر. لەم پرۆسەدا (ئۆدیپی) باوک و دواتر لە کۆمەڵگە، پیاو تەوەری سەرەکی شوناسی کۆمەڵایەتی و جیندەرییە و ژنانی بوون پەراوێز دەخرێت.

دۆلۆز و گاتاری لەو بـاوەڕەدان کە « بە ژن بوون» واتە تێکدانی پێکهاتەی ئۆدیپی خێزان و لە راستیدا لە سەنتەر خستنی پیاویەتی و « باوکایەت»، بە ژن بوون، جیندەر لە بەندی پیاویەتی رزگار دەکات و ئەو

له پاوانی ڕەگەزێک ڕزگار دەکات. ژن بوو پێچەوانەی « پیاو بوونە»، « بە پیاو بوونمان» نییە، چونکە پیاوەتی ئێنتمای بۆ ئەوەی هەیە هەموو شتێک لە ژێر سێبەری ڕێسایەکی دیاریکراو کۆبکاتەوە. پیاوەتی، واتە شێوازێک لە بوون، بەڵام ژنانیەتی واتە بوون پەیداکردنی جیاواز و هەڵهاتن لە بوون، پیاو بوون، یەکبوونگەرایی ،بەڵام ژن پلۆرالیستگەرایە. « بە ژنبوون» دەبێتە هۆی درووستبوونی ریزومەکان و تۆڕی ناهاوچەشن، ناپەیژەیی، بجول و لە هەمان کاندا پەیوەندیدار و گونجاو درووستدەکات. بەهەرحاڵ، دۆلۆز و گاتاری هەوڵیاندا لە کتێب گەلێک وەک «دژە ئۆدیپ» هەڵویستێکی میتائۆدیپی بگرنەبەر. لەمڕووەوە بەرای دۆلۆز، ئەگەر فەلسەفە، ژنانی بوون لە خۆیدا ڕەچاو بکات، دەتوانێت بچێتە نێو ئاستە جیاوازەکانی بوونەوە و فرەچەشنی قەبووڵ بکات. بۆیە « بە ژن بوون» سەرەکیترین هەنگای لە فەلسەفەی بوونە.

گرنگی پێدان بە شوناسی ژنانە، فەلسەفە لە پانتاییە داخراو و سنووردارەکان دەردێنێت و ئەو دەباتە نێو پانتاییە پەراوێز و نێوەندییەکانەوە. ژن بۆ دۆلۆز، نیشانەی سنوورە بجولەکان و کینایە لە بێبایەخکردنی دامەزراوەکانی ژنانییە کە بە شێوەی مێژوویی وەک جەمسەری « ئەویتر» و « پەراوێزی» کولتووری پیاوسالار گەڵاڵە بوون. لە ئەنجامدا

بە ژن بوون واتە ژیانکردن بە شێوەیەکی دکە و دەبێت فەلسەفە لە ئەگەری ژن بوون بۆ گەیشتن بە پێکهاتەکانی دیکەی بیرکردنەوە سوودی لێوەربگرێت.

**سەرچاوە:**

http://www.parsidoc.com/philosophy/3384-50-06-03-07-1388-40.html

# ڕەخنەیەک لەبارەی تیۆری (ئینتیمای چالاکی) جیل دۆلۆز

نیعمەتی وروجنی
لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا ڕەسوڵی

جیل دۆلۆز بیرمەند و فەیلەسوفی سەدەی بیستەمی ئەوروپایە. گرنگترین تیۆری دۆلۆز بە ئینتیمای چالاک بەناوبانگە، کە لە بەناوبانگترین کتێبی ئەو بە ناوی « دژایەتیکردنی ئۆدیپ» خستووەتە بەرباس و شیکاری لە بارەوە کردووە. ئەم وتارە رەخنەیەکە لەبارەی وتار و دامەزاوە مۆدێرنەکان. کتێبی دژایەتیکردنی ئۆدیپ شیکاری مێژوویی قوناغەکانی گەشەکردنی ئینتیما و خواستنی مرۆیی دەکات نەک رەوتی گۆڕانکاری کۆمەڵگە. بە چالاکی یان سەرکوتکردنی ئینتیمای مرۆیی شینەڵکاری کولتوور و مێژوو دەکات. دۆلۆز ئینتیما و خواست دابەشدەکاتە سەر دوو بەش: ئینتیمایی ناوخۆیی خود، کە هەمیشە بۆخۆی دەگەڕێتەوە و ئینتیمای دەرەوەی خود، کە لەودا دەسەڵات دەبێتە پرەنسیپ.

دۆلۆز خوێندنەوەی خۆی لە بواری فەلسەفەی مێژوو دەستپێکرد و بە رەخنەی ئەدەبی کۆتایی پێهینا. ئەو لە بواری جۆراوجۆر وەک فەلسەفە، کۆمەڵگە و سیاسەت هەندێک تیۆری و هزری خستوەتەروو کە فەیلەسوفەکان گرنگییان پێداوە و شیکارییان کردووە. دۆلۆز هەندێک چەمکی فەلسەفەی خۆرئاوا وەک یەکبوون، شوناس، ریزبەندی و پرەنسیپی نەگۆڕی تاوتوێکردووە و لە دواییدا کۆمەڵێک وانەی وەک ئەلترانس alterance، فرەیی و پلۆرالیزمی لەجیاتی ئەوان خستووەتە بەرباس. دۆلۆز کێشە سیاسییەکان لە چوارچێوەی بابەتە فەلسەفییەکان شیکاری دەکات و لەم رێگایەوە کێشەکانی کۆمەڵگە

شیکاری ناکات.

گرنگترین تیۆری دۆلـۆز بە ئینئیمای چـالاک Productive desire بەناوبانگە کە لە بەناوبانگترین نوسراوی خودی ئەو بەناوی کتێبی « دژایەتی ئۆدیب» خراوەتە بەرباس. ئەم نامیلکە لە ساڵی 1972 بڵاوکرایەوە. زۆربەی بیرمەندان لەو باوەڕەدان کە ئەم نوسراوە رەخنەیەکە لە بارەی وتار و دامەزراوە مۆدێرنەکانەوە کە ئینئیمای (Desire) یەک کە بابەتی بۆچوونی دۆلۆزە سەرکوتکردووە و پەرەی بە بیروباوەڕو هزرە فاشیستییەکان دەدات، بۆ ئەوەی لەم رێگایەوە ئاراستە رادیکالەکانی کۆمەڵگە سەرکوت بکات. ئەو لەم نامیلەکەدا شیکارییەکی فەلسەفی لە چەمکی ئینئیما و خواست پێشکەش دەکات.

کتێبی دژە ئۆدیب شیکاری مێژوویی قوناغەکانی گەشەکردن و خواستە مرۆییەکان دەکات، کە لەودا دەزگای سەرمایەداری دەبێتە هۆی بەدیهاتنی بە ئۆدیبی بوون و ئینئیمای نیمچەبوونی بەرهەمهاتوو لە پەرستنی کاڵا. نووسەر هەوڵیداوە رەوتی گۆڕانکاری کۆمەڵگە، کولتوور و مێژوو بە چالاکی یا سەرکوتی ئینئیمایی مرۆیی شیکاری بکات. لە دیدی ئەوەوە سیستەمی سەرمایەداری، هەموو بەها و رێسا کۆتوبەنددارەکانی نەریتی لەنێو دەبات و پرنسیپ و شێوازی نوێ دەخاتە بەرباس. ئەم رێسایانە لەسەر بنەمای بەهای ئاڵوگۆڕ پێناسە دەکرێت و پرەنسیپی ئاڵوگۆڕ بەسەر دەوڵەت، خێزان، یاسا و روانگەی مرۆڤەکاندا زاڵە. بەمشێوە لە سیستەمی سەرمایەداری ناوەڕۆکی بەها چۆنایەتییەکان دەگۆڕن بە رێسا چەندایەتییەکان.

ئاراستە فەلسەفی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دۆلۆز لە دەوری تیۆری ئینئیمای چالاک دەسوڕێنەوە و ئەو بەشێکی بەربڵاو لە نووسراوەکانی خۆی بۆ شیکاری و تاوتوێکردنی ئینئیما و خواستی مرۆیی تەرخاندەکات. بەچاو

خشاندنێک بە کتێبی ئەودا دەتوانین تێبگەین کە دۆلۆز ئینتیما و خواست دابەشدەکاتە سەر دوو جۆر و لەم دوو حاڵەتەدا تاوتوێی دەکات: یەکەم ئینتیما ناوخۆیی خود و دووەم ئینتیمای دەرەوەی خود.

لە دیـدی ئەو ئینتیمای خـودی هەمیشه بۆ خـۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ئینتیمای دەرەوەی خود دەسەڵات دەبێتە پرەنسیپ و ئامانجی درووستکردنی رێککاری و داراییە. سیسەمی سەرماریەداری زۆرتر پشت بە ئینتیمای دەرەوەی خود دەبەستێت و هەوڵەکانی خۆی بۆ دەسەڵات تەرخان دەکات. لە دواییدا ئینتیما ناوەرۆکێکی شۆڕشگێڕی هەیە و هەڵگری ئازادییە، ئینتیمایەکی لەو چەشنە کاتێک دەتوانێت دەستی بە ئامانجەکانی خۆی رابگات کە سنووردار و سەرکوتکردن لەبەردەم رێگەی پێشکەوتنی ئەودا بوونی نەبێت، بەڵام هەمیشه سیستەمی سەرمایەداری کارکردی ئینتیما سنووردار دەکات.

لە روانگەی دۆلۆزەوە مێژوو بریتیە لە پرۆسەیەک کە رەتکردنەوەی بەربڵاو «deterriotrialization لەخۆ دەگرێت. لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەلایەن خێڵەوە دەستنیشان دەکرا، ماشینی سەرەتای لۆکاڵی هەر شتێکی بە ناوخۆی سنوور و چوارچێوەی تایبەتی کۆمەڵایەتی دادەنا کە بە شێوەیەک هاوشێوەی دانانی رەمزی کۆمەڵایەتییە. لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا جووله و رەفتاری مرۆیی لە چوارچێوەی رێسای تایبەتی ئەنجامدەدرێت و هەر شتێک دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و پانتاییەکان بە تەواوی دەستنیشانکرابوو.

دۆلۆز لەو باوەڕەدایە، یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، دەبێتە هۆی سەرکوتکردنی ئینتیما و خواستی ئەندامانی کۆمەڵ و ستەمکاری و دیکتاتۆری رابـەری کۆمەڵگە. بە سەرهەڵدانی

سەرمایەداری، ژیانی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت بە ژیانی تاکەکەسی و دەزگای شارستانیەتی سەرمایەداری گرنگی بە تاکبوون دەدات، تاکێک کە نیسبەت بەبوون و کارکردی خۆی ئازادە. لە سیستەمی سەرمایەداری، کاروباری نەریتیی، مەعنەوی و پیرۆز لەنێو دەچێت و یاسا نەریتییەکان دەرووخێنێت، چونکە دەزگای سەرمایەداری پێویستی بە سیستەمی پیرۆزی بیروباوەڕەکان نییە و بوارەکانی سەرکوتکردنی تاک درووست دەکات و دامـەزراوە و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان وەک خێزان، نیشتمان و دەوڵەت مانایەکی نوێ و جیاواز لە رابوردوو پەیدا دەکەن.

سنووردارکردنی ئینتیما و خواستە مرۆییەکان بە شێوازێکی نوێ، پانتاییەکی دیکەی بۆ مرۆڤی مۆدێرن درووستکردووە و سنووری نوێی بۆ ئەو درووستکردووە. لەبەر ئەم هۆیە دۆلۆز بە رەتکردنەوەی چەمکەکانی ئابووری سیاسی یا بە تەعبیری خۆی ئابووری لیبدویی مارکس و فرۆید کە لەسەر بنەمای بەریەککەوتنی ئینتیما و وشیاری بنیاتنرابوو. ئینتیمای چالاک سەرچاوەیەکی لاکانی هەبووە و مەبەست لەمجۆرە نیشانەناسیەیە.

ئینتیمای چالاک تەعبیرێکی نوێ لە ویستی پەیوەندیدار بە دەسەڵاتی نیتچەیە، دۆلۆز بەبەکارهێنانی گرووپێکی نێوان زیهنیتی کۆیلەکان و زیهنیەت سالارەکان بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە کۆمەڵگە ئینتیمای چالاک هەمیشە لە بەرامبەر ئینتیمای هەڵچوونی سەرکوت، واتا زیهیەتی کۆیلەکاندا رادەوەستێت. ئەو کەسانەی کە بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵن وەک چینی رابەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەوڵ دەدەن ئینتیمای چالاک لە دژی خۆیان رێکبخەن و جۆرێک نەخۆشی بەرهەمهاتوو لە هەستی گوناحی لەلای ئەندامانی کۆمەڵگە درووست بکەن. لە حاڵەتێکی وەهادا تاک بە هەستکردن بە گوناح هەمیشە ئینتیمای خۆی پشتگوێ دەخات

و هەستی خۆی لە چوارچێوەیەکدا دەردەبڕێت کە توانای پێشکەشکردنی هەبێت. ئینتیما بۆ دەسەڵات لە تایبەتمەندییە ئاکارییە گەورەکان و ئینتما بۆ سەرکوتکردنی هیمای ئاکاری کۆیلەکانە.

دۆلـۆز جیا لە شیکارییە کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و سیاسییەکان لەبارەی کۆمەڵگەی مۆدێرن، ئاراستەی جوانیناسانە وهونەری تایبەتی لە بواری ئەدەبیات و سینەماشدا هەیە. تەنها کتێبێک کە ئەو لەمبارەیەوە نووسیویەتی، ناوی وتارە رەخنەییە و کلینیکییەکانە. بەشە جیاوازەکانی ئەم کتێبە  بە باسگەلێک وەک ژیان و ئەدەبیات، فیلم، ئاراستەی نیتچە، ئەفلاتون و یونانییەکان تەرخانکراوە. نووسراوە هونەرییەکانی ئەو تەنها ئەم کتێبە نییە، ئەو باسێکی دوورو درێژی لەبارەی ئەدەبیات و هونەر هەبووە کە هەڵگری تیۆرییەکان و بیروباوەڕی ئەم لەمبارەیەوەیە.

**رەخنەگرتن لە دۆلۆز:**

دۆلۆز هەوڵدەدات کە لەژێر گاریگەری وانەی بیرمەندگەلێک وەک نیتچە و فرۆید، ئینتیما و خواستە بێسنوورەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی تیۆرییەکدا شرۆڤە بکات، بەڵام تیۆری « ئینتیمای بەرهەمهێنەر و چالاک»ی ئەو بەهۆی بەتاڵبوون لە رێسا ئاوەزییەکان، لۆژیکی و ئاکاری نەیتوانیوە ئاراستەیەکی راستەقینە و بابەتی بخاتەروو. ئەم تیۆرییە لەگەڵ پێکهاتەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییە وارسکەییەکانی مرۆڤ هەماهەنگ و یەکسان نییە.

« ئینتیمای چالاک»ی بابەتی بۆچوونی دۆلۆز لەژێر کاریگەری تیۆری ویستی بەستراوە بە هێزی نیتچە خراوەتە بەرباس، ئینتیما بۆ دەسەڵات وەک ئینتیمایەکی چالاک و بەرهەمهێەر لەبەریەک کەوت لەگەڵ ئینتما بۆ

سەرکوتکردن لە کۆمەڵگە هاوسەنگ دەبێت، لەمڕووەوە ئینتیما بۆ هێز لە تایبەتمەندییە ئاکارییە گەورەکان و ئینتیما بۆ سەرکوتکردن هێمای ئاکاری کۆیلەکانە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەموو مرۆڤەکان ئینتیما و خواستی جۆراوجۆر و بێسنووریان هەیە و ناتوانن تایبەتمەندییە باڵا و گەورانە بە باسێک لە کۆمەڵگە و تایبەتمەندی پەست و سووک بە چینەکانی خوارەوە تەرخان بکەن. جیالەوەش دۆلۆز لە تیۆری ئینتیما دەکەوێتە ژێر کاریگەری هزرەکانی فرۆید و ویلهیلمەوە.

لە روانگەی دۆلـۆزەوە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دەبووە هۆی ئەوەی کە ویست تەنها لە بوونی دەسەڵاتداردا بێت و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ بە سەرکوتکردنی ئینتیمای خۆیان، ببنە مرۆڤگەلێکی گوێرایەڵ، بەڵام ئەو شتەی کە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ئەنجامدراوە، بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەها و گرنگی هەبوو، رابەری کۆمەڵگەش ویستبوو بەپێی ئەم رێسا سەرەتاییانە دەخستە بەرباس و ئەم یاسایانە لەگەڵ خواست و ئینتیمای تاکەکانی کۆمەڵگە یەکسان بوو. ئەم تاکانە خواستێکیان بە پێچەوانەی ئینتیما و ویستی خۆی ئەنجان نەدەدا.

دۆلۆز هەوڵیداوە شیکارییەکی مێژوویی لە شێوازەکانی کانالیزەکردنی هێز پێشکەش بکات، ئەو لە باسکردن لەبارەی پرۆسەی سەرکوتکردنی ئینتیما لە رێگای سنووردارکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی ئەو، ناوی گسترافکنی دێنێت و رەوتی ئازادکردنی بەرهەمی ماددی و ئینتیما لە کۆت و بەندی هێزە کۆمەڵایەتییە سنووردارکەرەکان لە گسترەسرینەوە ناو دەنێت. دەتوانین سڕینەوەی پانتایی بە کردنەوەی رەمزەکان بێنینە ئەژمار، کە لەگەڵ کردنەوەی رەمزی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی سەرکوتکەری ئینتیما دەتوانێت لەوبەری سنوورەکانی سنووردارکەری دەروونی و کۆمەڵایەتی سەیر بکات.

لەدواییدا دەتوانین بڵێین تایبەتمەندی چەندپارچەی سیستەمی سەرمایەداری ئەمەیە کە بە لەناوبردنی پێوەرە نەریتییەکان و خستنەرووی ڕێسای نوێ، لە پانتایی دامــەزراوە مۆدێرنەکان و ویستی مرۆیی بە شێوەیەکی نوێ سنووردار دەکات و بە گۆڕینی بەهاکان و بیروباوەڕە پیرۆزەکان، سنوورێکی نوێ بۆ گەشەکردنی کەسایەتی کۆمەلایەتی مرۆڤ درووست دەکات، بەمشێوە بەها چۆنایەتییەکان لە سیستەمی سەرمایەداری ناوەڕۆکیان دەگۆڕێت بە ڕێسا چەندایەتییەکان.

**سەرچاوە:**

http://politicalthought.blogfa.com/post-346.aspx

# جیل دۆلۆز، بوونناسیی جیاواز

سەید محەمەد جەواد سەیدی
لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا رەسولی

به درێژایی مێژوو زۆربەی فەیلەسوفەکان بۆ شرۆڤەکردنی جیهان، ناچار بوون بە شێوەیەک لە شێوەکان پەنابەرنە بەر چەمکێک کە ئەویش (زاڵبوون)ە. ئەفلاتون ئایدیای بە کۆمەڵێک بوونەوەر دەزانی کە زاڵبوون و دەستی مرۆڤ پێیان رانەدەگەیشت، کۆمەڵێک بونەوەر کە بە کەڵکی شرۆڤەکردنی جیهانی ئایدیا دێن. جیهانی مادی و بوونەوەرەکانی ئەو کۆپی بێبایەخی ئایدیان کە نەک تەنها لە جیهانی شیاوی ئەزموون، کە لە جیهانی میناوە زاڵدەبن. بە بەراورد لەگەڵ ئایدیا و شتە ماددییەکان، شتێک جیا لە سێبەرە بێبایەخەکان نین. ئەوە گرنگە کە سەیری چ شتێک بکەین. سۆفیستییەکان سەیری کۆپی بێبایەخی ئایدیایان دەکرد و لە ئەنجامدا حەقیقەت بەدەستناهێنن. فەیلەسوف شاکەسێکە، دەتوانێت ئایدیاکان ببینێت و کارەکەی ئەوەیە کە جیهانی کۆپییەکان بەپێی جیهانی سەرەکی ئەوان رێکبخات. دەبێت فەیلەسوف سەرەتا لە مانای ئایدیای زاڵبوون تێبگات بۆ ئەوەی بتوانێت پاشا بێت، دواتر سەرەی بکەری تایبەتی مرۆڤ دێت.

دیکارت شەوێک لە ماڵەکەی لە پاڵ ئاگر دانیشتبوو کە فکرێکی شیتانەی بە مێشکدا هات: «ئەگەر من بوونم نەبێت و هەموو تێگەیشتنەکانم خەون و خەیاڵ بێت چی دەبێت؟ دەبێت بنەمایەکی زاڵبوون ببینینەوە کە نەتوانین گومانی لێبکەین». لە ئەنجامدا دیکارت گەیشتە ئەو ئەنجامە کە ناتوانین گومان لە گومان کردن بکەین، چونکە خودا رێگا نادات کەسێک

هەڵخەڵەتێت. ئەوە تووی خودایە کە لەنێو سوبژکتیویتەی مرۆڤدا جێگا دەکاتەوە. سوبژکتیویتە لە جیهان و لە خودا سوبژکتیویتەیەکی زاڵ پەیدا بکات، بەڵام هێدی هێدی ئامانجی مرۆیی جێگای خودا دەگرێتەوە. جیهانی زێهن لە سەرەوەی جیهانی مادەیە. تەنانەت مقومی جیهانی مادییە. لە نەبوونی زێهندا مرۆیەکی جیهانی بوونی نییە. سوبژکتیویزم لانیکەم لەسەر بنەمای دوو گەوهەری جیاواز بونیاتنراوە کە یەکێک لە ئەویتر سەرترە. ئامانجی بێکۆتایی، نامادی، بێسنوور و تاقانەیە، لە کاتێکدا کە جیهانی ماددی ئالۆز، جیاوازە.

سپینوزا فەیلەسوفی هاوچەرخی دیکارت، رێگای بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە بینیەوە. لە روانگەی سپینۆزاوە گەوهەر یەکێکە. شتێک وەک دەرکردنی فلوتینی لە ئارادا نییە: بوون یەکپارچەیە. دەبێت بوونناسی لەسەر بنەمای دەروونێکی نەگۆر بێت. جیاوازی لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی گەوهەرەکاندا بوونی نییە. لە هزری سپێنۆزادا یەکێک لە گرنگترین چەمکەکانی بوونناسی لەسەر بنەمای زاڵبوون لادراوە، ئیدی پەیژەبەندییەک لە ئارادا نییە. بوون لە بارەی هەموو شتێک بە مانایەک بەکاردێت. لە روانگەی دۆلۆزەوە رێگای بوونناسی جیاوازە لە فەلسەفەی سپینۆزا. گەوهەر خۆی لە مەبەست و حاڵەتەکان دەردەبڕێت. حاڵەتەکان شتگەلێک نین کە سەرچاوەیان لە گەوهەرەوە وەرگرتبێت، بەڵکو خودی گەوهەرن. گەوهەر ناکەوێتە پشت مەبەست و حاڵەتەکانەوە، گەوهەر تێکەڵ بە حاڵەتەکانە. مەبەستەکان جیا لە گەوهەر نین، بەڵکو بوون یەکپارچەیە. مەبەستەکان سەرچاوە لە گەوهەر ناگرێت، بەڵکو هەمان گەوهەرن کە خۆی دەردەبڕێت، بەڵام دیسان بوون بە دەربڕینیشەوە بە یەکپارچەیی دەمێنێتەوە. گەوهەر وەک پارچە کاغزێکە کە لول دەکرێت و دەکرێتەوە و دیسان لول دەکرێتەوە

بۆ ئەوەی شێوازی جیاواز پەیدا بکات. لە هەموو ئەو وێنانەدا دەتوانین لەوە تێبگەین کە مەبەستەکان ئەو تویژالانەن کە لەنێو گەوهەردا دەمێننەوە، گەوهەرێک کە خۆی بە یەکپارچەیی دەمێنێتەوە. لە دۆخێکی وەهادا هیچ جیاوازییەک لە نێوان تویژالەکان، ئاست و جۆرەکانی بووندا بوونی نییە. زاڵبوونێک لە ئارادا نییە. ئەوەی کە هەیە دەروونێکی ماندگارە. تەنها گەوهەرێک بوونی هەیە کە دەتوانێت بە شێوازی جۆراوجۆر فۆرم بە خۆی ببەخشێت. بە پێچەوانەی ئایدیای ئەفلاتونی ئەم شێوازە جۆراوجۆرانە کۆپی بێبایەخی پرەنسیپێک نین: تویژاڵ و کرانەوەی گەوهەرێکن. ئیدی ناتوانین بوون پۆلین بکەین. بوون بگۆڕتر لەوەیە کە بخریتە نێو چەنگی پۆلینکردنەکانی ئێمەوە. بوون بگۆڕە؟، گەوهەری بگۆڕیی بوون ڕەوتێکە، نەک شتێک. دەبێت بوونناسی هەندێک چەمک دابهێنێت کە بتوانن دەربڕی بوون، تویژاڵ و کرانەوەی ئەو بن.

سپینۆزا فەیلەسوفێکی ئاوەزگەرایە. رادیکالترین تیۆری سپینۆزا ئاوەزگەرایی رەهایە. بەو واتایە کە دەتوانین بە تەواوی خوا بناسین کە بنەمای تێگەیشتن لە هەموو شتێکە. ناسینێکی وەها بێ نێوانگیر بەرهەمی یەکپارچەیی بوونە. ئەگەر بوون یەکپارچە بێت، ئێمە مەعریفەیەکی راستەوخۆ و هەتا رادەیەک گریمانەییمان دەبێت. ئیدی چەمکێک وەک «دیسان دەرخستنەوە» بەکەڵک نایەت. هەموو شتێک بەو جۆرەی کە هەیە دەناسرێت، بەڵام یەکپارچەیی بە مانای سەنتز نییە. یەکپارچەیی بوون جیاوازی کردنێکی بێکۆتاییە. بوون ڕەوتێکە کە بە درێژایی ئەو هەر شتێک دەگۆڕێت بە شتێکی دیکە. بوونناسی دۆلۆز هەوڵی گیان خستنەبەری بوون دەدات. بوون زیندووە، چونکە ژیانکردنە. بوون هەمان جیاوازی دانانە، بوون ئافراندنە. هیچ بارودۆخێکی گشتی یان مەرجی ئێنتزاغی لەدوای ئافراندنەوە بوونی نییە: ناتوانین جیاوازی

بۆ ئاستی یەکسانی دابەزێنین. ئەو شتەی کە لە پلەی یەکەمدا بوونی هەیە جیاوازی داهێنەرو زیندووە. نابێت بە دوویی چەمکی سەرتر لە ئافراندنی جیاوازییەوە بین. کاری دۆلۆز پێشاندانی جیاوازی رەهایە: ئەو شتەی کە لە باگراوندی هەموو شتێکدا بوونی هەیە جیاوازییە، بەڵام لە باگراوندی جیاوازیدا شتێکی دیکە بوونی نییە «جیاوازی» ئەگەری ئەوە دێنێتە ئاراوە بیر لە رێرەوە داهێنەرەکان بکەینەوە بە بێئەوەی کە بیر لە شتێکی جیا لە بوون یان ئافراندنی ئەم رێرەوە بکەینەوە، شتگەلێک وەک سەنتزەکان یان شۆناسە گەڵاڵەبووەکان. تەنها شتێک کە بوونی هەیە بەرهەمهێنان و ئافراندنی جیاوازییە. دیکارت سروشتی بۆ ئاستی بیرکاری دابەزاند و بەم کارە هەر جۆرە بوون و دەسەڵاتی ناوخۆیی لە ئەو وەرگرتەوە.بوونی رەسەن نەک لە سروشتدا، بەڵکو لە ئامانجدایە، بەڵام دۆلۆز وەک سپینۆزا بە دوویی دەسەڵاتێکەوەیە کە لەودا ناتوانین جیاوازی زاڵبوون لەنێوان هۆو بەرهۆ وێنا بکەین. بەرهۆ شتێکی جیاواز بە هۆ نییە، بەڵکو دەروونی ئەوە. ئافرێنەر و ئافرێندراوی بەشێک لە رەوتێکی خۆبەستراوەی ئەفراندنن.

لە روانگەی ئەرستوییەوە دوو وشە کاتێک جیاوازییان هەیە کە جیاوازی زاڵکردن بەسەر شتێکی دیکەدا بێت، واتە باکگراوندێک کە لە هەردوودا هاوبەشە. ئەگەر بەمشێوەیە جیاوازی رەچاو بکەین، ئەومان بۆ ئاستی سەنتز دابەزاندووە، بەڵام دۆلۆز بە دووی مانایەک لە جیاوازییە کە لە نێوبژیوانی ئینهمانیدا رزگاری بووبێت، دۆلۆز لە چەمێکی وەهادا یارمەتی لە فەلسەفەی بێرگسۆن وەردەگرێت.

**سەرچاوە:**

روزنامه اعتماد، شماره (2373) به تاریخ 91/1/30، صفحه 8 (اندیشه)

## بیۆگرافیای جیل دۆڵۆز

| ساڵ | زانیاری |
| --- | --- |
| لە(١٨) یەنایەری ساڵی ١٩٢٥ | لە خێزانێکی مامناوەند لە پاریس لەدایکبووە. |
| لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا | سەرقاڵی خوێندن بووە. |
| | لە سەردەمی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن نازییەکانەوە، جۆرج دۆڵۆزی برا گەورەی، بەهۆی بەشداریکردنی لە هێزی بەرگری فەرەنسادا دەگیرێت و لەکاتی گواستنەوەی کۆچی دوایی دەکات. |
| ساڵی (١٩٤٤) | دەچێت بۆ زانکۆی سۆربۆن و زۆرێک لە مامۆستا بەناوبانگەکانی فەلسەفە وانەیان دەوتەوە وەک (Gorg Canguilhem)، جان هیبولیت، فردیناد Alguie، مۆریس دی Gandillac). |
| (١٩٤٨) | کاریگەری کارەکانی سارتەرو aggregated لە کارە فەلسەفیەکانیدا دەرکەوتن. |
| (١٩٥٣) | لە زانکۆ دامەزرا. |
| (١٩٥٣) | یەکەمین کتێبی بەناوی (ئەزمونگەریەتی و خودیەتی لەسەر هیوم) بڵاوبوویەوە. |
| (١٩٥٣-١٩٥٧) | وانەی لە(ئیسیز، ئەمیان، ئورلیان، لویس لوغراند) وتووەتەوە. |
| (١٩٥٦) | بول دینیس فانی (Grandjouan) کردە هاوسەری خۆی. |
| (١٩٦٠-١٩٦٤) | لەبنکەی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی کاریکردووە. |
| (١٩٦٢) | (نیچە)و فەلسەفەی بڵاوکردوەتەوە. |

| | |
|---|---|
| (١٩٦٣) | كتێبی (لۆژیک و واتا)ی بڵاوکردەوە. |
| (١٩٦٣) | کتێبی (فەلسەفەی کانتی رەخنەیی) بڵاوکرەوە. |
| (١٩٦٤-١٩٦٩) | بوو بە مامۆستا لە زانکۆی لیۆن. |
| (١٩٦٦) | کتێبی (برگسۆنی) بڵاوکردەوە. |
| (١٩٦٨) | هەردوو نامەکەی (جیاوازی و دووبارەبوونەوە) کە (Gandillac) سەرپەرشتی دەکرد، لەگەڵ تێزی (گوازشتیەتی لە فەلسەفەدا- سپێنوزا کە Alguie) سەرپەرشتی دەکرد بڵاوکردەوە. |
| (١٩٦٨) | (جیابوونەوەو دووبارەبوونەوەی) بڵاوکردەوە. |
| (١٩٦٩) | لە زانکۆی پاریسی هەشتەم لە فینسین سانت دینیس کە خویندنگەیەکی ئەزموونی بوو لەپێناو چاکسازی پەروەردەییدا کرابوویەوە، لەم زانکۆ نوێیەشدا ژمارەیەک زانای بەناوبانگی تێدا بوو لەوانە فۆکۆ کە پێشنیاری دامەزراندی دۆلۆزی کرد لەگەڵ شرۆڤەکارێکی دەرونی (فیلیکس Guattri)، دامەزرا . تا ساڵی (١٩٨٧) لەم زانکۆیە مایەوە و لەم ساڵەدا خۆی خانەنشین کرد. |
| (١٩٧٠) | کتێبی «قەڵاچوکردنی ئۆدیب»ی بڵاوکردەوە. |
| (١٩٩١) | لەگەڵ فلیکس کارتی کتێبی (فەلسەفە چیە)یان بڵاوکردەوە. |
| (١٩٩٥/١١/٤) | پاش تووشبوونی بە نەخۆشی سیەکان و (٢٥) ساڵ ململانێ لەگەڵ ئەم نەخۆشیەدا، توانای قسەکردن و نوسینی لاواز دەبێت، بەشێوازێک تەنها شتێکی لاوەکی و وەک تێبینی سەرلاپەڕە دەینوسی، بۆیە دواجار لە پەنجەرەی شوقەکەیەوە لە پاریس خۆی فڕێدایە خوارەوە و خۆی کوشت. |

## ساڵنامەی سەردەمی جیل دۆلۆز

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| ٣٩٠پێش زایین | شکستی رۆم لەبەرامبەر (گۆل)ەکان پەرەسەندنی قەڵەمڕەوی رۆم رادەگرێ. |
| ٣٨٠پ.ز | مردنی ئارلیئوفانس، نوسەری نمایشنامەی کۆمێدی. |
| ٣٦٧پ.ز | حکومەت لەچوارچێوەی پۆستی کۆنسۆلگەرێتی لەرۆم دادەمەزرێ. مەرگی دیونوسیوسی یەکەم، زۆرداری سیراکوس، و گەڕانەوەی دووبارەو کورتخانەی ئەفلاتوون بۆ سیسیل. |
| ٣٦١پ.ز | سێیەمین سەفەری ئەفلاتوون بۆ سیسیل. |
| ٣٥٣پ.ز | مردنی شاماوسولوس، کە لەماوسولوم، یەکێک لە حەوت سەیروسەمەرەکانی جیهاندا، دەنێژرێ. |
| ٣٤٨پ.ز | پەیماننامەی دووەمی نێوان رۆمو کارتاژ. |
| ٣٤٧پ.ز | مەرگی ئەفلاتوون. |
| ٣٣٥پ.ز | ئەسکەندەری مەزن، دەبێتە جێنشینی فلیپی دووەمی باوکیو قۆناغی داگیرکاریەکانی دەست پێدەکات. |
| ٣٢٦پ.ز | ئەسکەندەری مەزن، دەگاتە دەروازەی هیندستان، لەکاتێکدا کە ئیمپراتوریەتەکەی لەسنوورێکی گەورە دەگرێتە خۆیو لە دەریای ئادریاتیک، تا ئەو بەری رووباری سند درێژ دەبێتەوە. |
| ٣٢٣پ.ز | مەرگی ئەسکەندەری مەزنو بەدوایدا، هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی. |

## مێژووی رووداوە گرنگەکانی فەلسەفە

– سەدەی شەش پ. ز سەرهەڵدانی فەلسەفەی خۆرئاوا لەگەڵ تالس مەڵتی.

– کۆتایی سەدەی شەش پ.ز مردنی فیساگۆرس.

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| ٣٩٩ پ. ز. | سوکراٹ لە ئەسینا فەرمانی مردنی بەسەردا دەدرێت. |
| ٣٨٧ پ.ز | ئەفلاتون ((ئەکادیمی)) لە ئەسینا دامەزراند، کە یەکەم زانکۆیە لە جیهان. |
| ٣٣٥ پ.ز | ئەرستۆ قوتابخانەی ((لوکیۆن))، لە ئەسینا دادەمەزرێنێت، کە دەبێتە رکابەری ئاکادیمی. |
| ٣٢٤ ز | ئیمپراتۆریەتی قوستەنتین پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆما بۆ بیزانت دەگوازێتەوە. |
| ٤٠٠ | ئۆگەستینی قەشە دانپێدانانەکەی دەنووسێت. فەلسەفە رادەکێشرێتە خواناسی کریستیانییەتەوە. |
| ٤١٠ | بەربەرییەکان رۆما دەڕوخێنن و هەواڵی بەرایی (سەدەی تاریکی). |
| ٥٢٩ | داخستنی (ئەکادیمیای) ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر پۆستنین کە کۆتایی چەرخی حیکمەتی یۆنانی بوو. |
| ناوەڕاستی سەدەی (١٣) | تۆماس ئەکویناس باسەکەی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێت. سەردەمی فەلسەفەی قوتابخانەیی. |
| ١٤٥٣ | رووخانی بێزەنت بە دەستی تورکەکان. کۆتایی ئیمپراتۆری بێزەنتی. |
| ١٤٩٢ | کۆڵۆمبۆس دەگاتە ئەمریکا. رێنسانس لە فلۆرانس و دووبارە رووکردنە زانیاری یۆنانی. |

| | |
|---|---|
| ١٥٤٣ | کۆپەرنیکۆس کتێبی دەربارەی سوڕانەوەی هەسارە ئاسمانییەکانی بڵاودەکاتەوە و لەسەر بنەمای ماتماتیک دەی سەلمێنێت، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە. |
| ١٦٣٣ | کڵێسا گالیلۆ ناچار دەکات حاشا لە تیۆری سەنتەربوونی خۆر بکات. |
| ١٦٤١ | دیکارت رامانەکان بڵاودەکاتەوە، کە بەرایی فەلسەفەی مۆدێرنە. |
| ١٦٧٧ | مردنی سپینۆزا، بڵاوکردنەوەی ئاکارەکانی. |
| ١٦٨٧ | نیوتن بنەماکان بڵاودەکاتەوە و چەمکی گرانشی دەخاتەڕوو. |
| ١٦٨٩ | لۆک پەیامێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ بڵاودەکاتەوە. سەرەتای ئەزمونگەری. |
| ١٧١٠ | بیرکلی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان بڵاودەکاتەوە و رەهەندی نوێ دەداتە ئەزموونگەری. |
| ١٧١٦ | مردنی لایب نیتز. |
| ١٧٣٩ | هیوم کتێبی سروشتی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و ئەزموونگەری تا سنوورەکانی لۆژیکیەکەی پێش دەخات. |
| ١٧٨١ | کانت، رابوو لە ((خەوی دۆگمایی)) بە هاوکاری هیوم، رەخنەی ئەقڵی پەتیی بڵاودەکاتەوە. چاخی شکۆداری فەلسەفەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. |
| ١٨٠٧ | هیگڵ دیاردەناسی زەین، لوتکەی فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی، بڵاودەکاتەوە. |
| ١٨١٨ | شۆپنهاور جیهان وەکو ئیرادە و وێناکردن بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانیدا دەخاتەڕوو |
| ١٨٨٩ | نیچە کە رایگەیاندبوو (خوا مردووە)، لە تۆرین شێت دەبێت. |

| | |
|---|---|
| ١٩٢١ | ویتگنشتاین تێزی لۆژیکی- فەلسەفی بڵاودەکاتەوە کە بانگەشەی (دوا وەڵام)ە بۆ مەسەلە فەلسەفییەکان. |
| دەیەی ١٩٢٠ | ((ئەڵقەی ڤیەننا)) برەودان بە پۆزیتیۆیزمی لۆژیکی. |
| ١٩٢٧ | هایدگەر بوون و زەمەن بڵاودەکاتەوە کە باس لە ترازانی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەکات. |
| ١٩٤٣ | سارتەر بوون و نەبوون بڵاودەکاتەوە، کە برەو بە هزرەکانی هایدگەر دەداو ئەگزیستانیالیزم دەخاتەڕوو. |
| ١٩٥٣ | برەودان بە پاش مردن، توێژینەوە فەلسەفییەکانی ویتگنشتاین، لوتکەی قۆناغی زمانشیکاری. |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |